Dr.Saleh Ebrahimi



دەچتە سەیرانی مەعبەدی میترا، لە سەردەمی زەردەشت دا، جێی عیبادەت بووە، لە دایرەتولمەعاریفی ئیسلامیدا ئیشارە بەوە کراوە. لەم مەعبەدەدا، کەتیبە یەک بە خەتی یۆنانی لە دیواری دالآنی مەعبەدەکەدا؛ چەسپێندراوە و یەک ئەستون بلێسەو گرەمەشقەڵانی ئاگر، کە نیشانەیێ لە نورو روناکی عیلم و زانینە، دەبیندرێ و دەکەوێتە بەرچاو.

حەسەنلو: لەسندوسی کوردستان لە ٨٥ کیلۆمیتری ورمێ لە کەناری جادەی ورمێ بەرەو نەغدە و شنۆ، بۆ ماوەی ٣ کیلۆمیتری، دەسی چەپ کە تەپەیەکی بڵیند، هەر، لەوێ، هەیە و بەناوی گوندی حەسەنلو کە لێک نێزیکن کە لە بان دەشتێ سەوز و دلگیردایە. کە لە نافینی هەزارەی دوەمی بەر لەزایین بە پێی کەتیبەی ئاشۆری (مانائی یەکان) لەوشوێنە کە ئازربایجانی ناوە تا ئەولای شاری سەقز نیشتەجیبون و (قەلای قەلایچی بۆکانیش) یەکێ دیکەیە لە ئاسەواری مانائی. و بەپێی نوسراوەی یونانی و کەتیبەی ئاشۆری ماناکان یەکیەتی یان لەگەڵ مادساز داوە تا لە هێرشی ئاشۆری بەرگیری لە خۆیان بکەن، ماناکان و ماد فرە بوێر، نەترس شەڕانی، سوارچاک و ئوگری پەروەردە کردنی ئەسب و مایین بون و دیارەکوردی ئەو ناوچانە لەرەگزی و رەگاژوی مانا و مادن و لەو تەپەی حەسەنلو لە ٣ دەورەدا، لە سۆنگەی ئەوشتانەی دوزراونەتەوە، چلە هەڵکۆڵینیقەبر یاجێی دیکە، دەرکەوتووە کە مێژوی ئەوێ دەگەرێتەوە بۆ نیوەی هەزارەی دوەمی بەرلەزایین (بروانە گۆفاری بەغیستان، بیستون ساڵی ئەوەڵ ژمارەی ئەوەڵ ئازە، (: سەرماوەز)ی ساڵی ١٣٣١ هەتاوی و ٢٥٦٤ مادی، بلاوکی یانەی گشتی، بلاوک و پرو پاگەندە ـ تاران.

Dr.Saleh Ebrahimi



# پشتکۆ

پشتکۆ، ناوچه یه‌کی تاریخی‌یه‌که ئه‌مرۆ به ئوستانی ئیلام ناوده‌بردریٚ. له سه‌ره تای پاشایانی صه‌فه‌وی کوردو کوردزاده (بڕوانه: کیسره‌وی ئه‌حمه‌د شیٚخ صه‌فی‌وته باره‌ش چاپی **١٣٥٥** هه‌تاوی، ئیبنی به‌زار و صه‌فه توسه‌فا... /٢٧).

ناوچه‌ی لوڕی بچوک به لورستانی فه‌یلی ناوداربوو لوڕستانی فه‌یلی له زه‌مانی ئاقا محه‌مه‌دخانی قاجار ـی تورکه‌مه‌ن (١٢١٠-١٢١١ مانگی و ١٧٩٦-١٧٩٧ز ـ) کرایه دوبه‌شی: پشتکۆ و پیٚشکۆ (ئه‌فشار، ١٣٣). **که‌وه‌رکو**، کوکه‌وه: (که بیره کیٚو) له کیٚقه به رزوگرینگه‌کانی زاگروس: (زه‌گروتی) و سنوری نیوان دو ناوچه‌یه (ئیزه‌د په‌نا تاریخ...، ١/٨؛ کیٚرزوٚن ١١/٢٧٥) هه‌ندیٚ له جوغرافیا نوسان، **چوٚمی گه‌وره‌ی سیمره‌یش به** سنوری نیٚوان پشتکۆ و پیٚشکۆ، داده‌نین (که‌ریمی، جوغرافی...، ٧٥؛ کیهان، ١/٤٨) پشتکۆ، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی له‌پشت روٚژهه لاٚتی که‌وه‌رکیٚوه، به‌و ناوه، ناوبڕیاوه (ساکی، ٤؛ کوکلان، ١٤٣).

پشتکۆ له باکوری غه‌ربیه‌وه، ده‌لکیٚ به سه‌رزه‌وی که‌لوٚر (که‌لهوره‌کان) (له خیٚڵه کانی کوردی کرماشان) و له باکوری شه‌رقی و باشوری شه‌رقی یه‌وه ده‌چیٚته سه‌ر چوٚمی سیٚمره و که‌رخه، وه‌له باشور و باشوری غه‌ربیه‌وه، ده‌که‌ویٚته سه‌ر به‌ستیٚن وجه‌لگه‌ی به‌ینه نه‌هره‌یٚن: (دوروان)، (دیٚمورگان، ٢/٢٢٢). پشتکۆ، زیاترله پیٚشکۆ ناسراوه و ناسیٚندراوه، چونکاله سه‌ده‌ی ١٣ مانگی و ١٩ز ـ حاکمانیٚ به سه‌ر ئه‌م ناوچه‌دا حوکومه‌تیان کردوه، که به باشی توانی بوویان له‌و ناوچه‌دا نه‌زم و ئاسایش دابین بکه‌ن (گابریل، ٣٧٢).

**تایبه‌تی یه‌کانی ته‌بیعی و خوٚرسک:** پشتکۆ داگری چه‌ن ریشته کیٚف و ده شتایه که‌له نیٚوکیٚو و چیاوچڕی سه‌ختا یه‌که‌له‌که ناری راستی چوٚمی که‌رخه و تاسه‌ر سنوری عیراق دایه. (کیٚرزوٚن ١١/٢٧٧). کیٚوه‌کانی ئه‌م ناوچه له باکوری غه‌ربیه‌وه بوٚلای باشور

Dr.Saleh Ebrahimi



شەرقی کێشراون (کەیهان ٢/٤٦٤) کۆکەوەر (کەوەرکۆ:کە بیرە کۆ) گەورەترین و مونە زەمترین کێوەکانی ئەم ناوچەیەکە بە درێژایی ١٦٠ کیلۆمێترە، هەروەکو دیواریّ پشتکۆی لە پێشکۆ و ئەم لایەی جیاکردوّتەوە (دێمورگان، ٢/٢٢٤-٢٢٥) و چەن ملەو گەردنەی بچوک، ئەوێ بە پێشکۆ، پێوەند، دەدا (کەریمی جوغرافی ٣٧-٢٨).

هەبونی کۆکەوەر و چەن کێوی تری وەکو: **دینارو هەناران، دوجۆرکەش و هەوای** لە پشتکۆدا بە دیهێناوە، یەکەم ناوچە شاخاویەکان بەو دوندە بلێندو تەژی لە بەفرکە کەش و هەوایێ موعتە دیل و مام ناوەندی، هەیە، **دوەم دەشتایی و شیو و دوڵی گەرم** و سوێنەر، کە، دارای کەش و هەوایێ گەرمن، لە بەرزایە کانی پشتکو کە بە بەفریّ قورس و فرە داپۆشراون. چۆمەل و چۆم گەلیّ فراوان سەر چاوە، دەگرن، کە هەندیّ لە وانە دەرژێنە چۆمی سیمرە و هەندیّ تریان بەرە و دەشت و شیوو دوڵی نێو دوروان (بە ینەنەهێرەین بەرز و خوار دە بنەوە (کوکلان ١٤٣-١٤٦). مێرگ و چیمەن وگژوگیا. پشتکۆی لە شیو و دوڵەکانی ٥٠٠-١٥٠٠ مێتری دارسان و جەنگەل گەلیّ پروچر لەداری بە لوت، ئەقاقیا، ئەفرا، هەنار، گۆیژ، هەنجیروتریّ و... پێک دێنن. لەبەرزایی باڵاتر و بڵیندتر، ئەو دارسانانە جێی خۆیان داوە بە گژوگیای درو دارو دانە وێڵە و لە خوارایە کانیشدا لە داوێنە چیاکانیشدا ٥٠٠ میتر، دارە خرما و مورە کە بات رواون و شین بون (دێمورگان، ٢/٢٣٥-٢٣٦).

**پێشینەی مێژوویی:** بەو نیشانانەی کە هەندیّ لە مێژوزانان لەبارەی وارگە ونشینگەی هۆزی کاسی (کاشۆ یا کاشی) لە بەشی باشوری کوردستاندا، رایانگە یاندوە و نوسیویانە، وادە ردە کەویّ کە سەرزەوی لورەکان، بۆوێنە ناوچەی پشتکۆ لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دوەمی بەرلە زایین، وارگە ونشینگەی ئەم هۆزە باستانی و کۆنە بووە و هەیە و ئەو لورانە هەر لێرەوە بۆلای دەشت و شیو و دوڵی نێودو روان بەرە و خوار بونە تەوە و دە سەلاتیان بە سەر ئیمپە راتوری بابیلی پەیداکردوە و **توانیویانە نێزیکەی ٦ سەدە بە**

Dr.Saleh Ebrahimi



**سەرئەوا** حــوکمرانـی بکـەن (بـیهمە نـیش، ١٨٦، ٣٢٧؛ دیـاکۆنۆف؛ ٢٢٠-٢٢١؛ گێرشمێن، ئێران...، **٥٤-٥٦**). پشتکۆ ئەم ناوچە مێژوییەکەلەکۆنەوە بە (ماسە بـەدان، ماسپتان، ماە سوبودان و ماسە بەزان) ناسراوە، هەریەکە. (دیـارە مـا یـا مـاە بـە واتـای ماد-ەیانی وارگە ونشینگەی ماد ـ ە،کە ماە بەواتای کێو، چیایەکەوارگەی هۆزی ماد، بووە و ناوی ماد لە نشینگەی ئەوان کە ماە ـ ە ـکیراوە،کە ماد لە ساڵی ٧٢٧ بەرلە زایین بە سەروٚکاتی دیاکۆ،**گە وره‌ترین ئیمپە راتوری ماد-ی** پیک هێناوە (ئێزەدپەنا، تاریخ، ١/٦٧؛ راولێنسۆن؛ ٤٨؛کام پەخش فەرد، **٢٥٢**؛ مارکوارت، ٢٠)، ئێستێرابۆن ئـەم ناوچەی بە (مسباباتیس) ناو بردوە و **رایگە یاندوەکە هیماد (میدیا) بـووە.** و جێگـەی مســاباتیسی بــە بــاشووری وڵاتـی مـاد لەنێـو چـیاوکێـفەکـانی زاگـروس (زەگـروتی) داناوە (٧/٣٠٩).

وەهادێتە بەرچاوکە ئەم هەرێمە لەدە وەری پارتی پێشو بەشێ لەسەر زەوی عیلام بوبێ (مارکوارت، هەرئەوێ) و هەڵیش دەگرێ لە رۆژگاری ساسانیاندا بـەشێ لەسـەر زەوی ماه(ماد) بەژمار هاتبێ (برانێر ٧٥٩). راولێنسۆن: دەشت و دۆڵ و جەلگە (: بان، بانی) ئەریوخ بەکۆنترین ناوی ئەم ناوچەی داناوە و ئەولای وایە بەرلە سەدەی ١٣ز- ئەم ناوچە بە ئەریوخان ناودار بووە، ناوی ئەریوخ بەرلە ئیسکەندەر بە (سەبەد)کەکۆی ئەو سە بەدانە، تەلەفوزو گۆڕاوە و بە پێشگری (ماه) بە واتای سەر زەوی و نـاوچەی (ماد) بە وێنەی (ماه سەبەدان و ماهسە بەدان بە عەرەبی بۆتە (ماسەبەزان) (پەرەی ٤٣). ئەم هەرێمە لە رۆژکاری پاشایی ئەردە شێر بابەکان: باوەکان)، (٢٢٤-٢٤٠ز-). هەر بەم وێنە ماه(ماد) سەبەدان ناو براوە و سەرزەویەکە لە دەشت و شیوودوڵی ئیوان: (هەیوان) ەوە بە درێژایی کیوەکانی زاگرۆس تاسنورو نێزیکی شـوش ـ ی داگـرتبو و شـەقام و رێگایەک بە بەویدا دەرۆیی، لەرێگـا گـرینگەکـانی هۆی پێـوەندی دنیای بـاستان و کۆنبووە، هەرئەو رێگایەکەلە لەشکرکێشی ئیسکەندەر لە شوشەوە بۆسە رئیکباتان کە

Dr.Saleh Ebrahimi



ڵکی لیوّەر گیر دراوە (هەرئەویّ، ٤٤-٤٥).

لە ماهسە بـەدان لە میّژوی ئـوستورەی کوّنـی کـوردەوا ریشـدا، یـادی لیّ کـراوە (میقدەسی ٣/ ١٥٠-١٥٢)، لە نوسراوەکـانی هـەندیّ جـوغرافـی نـوسانی ئـیسلامی، وادەردەکەویّ کە ماهسە بـەدان، سـەرزەوی پـە هـلەویان (ئـەشکانیان) بـوبیّ (ئـیبنی خوردابە، ٥٧)، وە یاقوتیش لە قەولی شیّرویەی کوڕی شارەدار، ماهسە بەدان بەیەکیّ لە حەوت شاری پە هلەویان بەژمارديّنيّ (٣/ ٩٢٥). لەبنەرە تـا نـاوچەی پـان و پـەرینی زاگرۆس لە روژگاری ئەشکانیاندا، ببوە پیّگەی دیفاعی و دەسە لاّتداری ئـەوان، وە بەپەهلە و یا پەهل ناوی دەرکردوە (ئیّزەد پـەنا، هـەرئەویّ ١/ ١٩، ٦٧، دیـنە وەری (ماسبەزان)ی بە سەر زە وە یەک زانیوەکە ئەردە وانی ئەشکانی حوکمرانـی بـە سـەرا کردوە (پە رەی، ٤٠).

وادیّتە بەرچاوکە ئەم ناوچە لە روّژگاری ساسانیاندا و هەروا تا سەدەکـانی ٢ و ٣ مانگی بە پەهلە ناوبریاوە (ئیّزەدپەنا، هـەرئەویّ، ١/ ١٩) بـە ئـەقیدەی هـەندیّ نـاوی سەرزەوی (فەیلی) کەبە بەشیّ لە خاکی لورِستان (لورِی بـچوک) و تـراوە گۆڕیـاوی واژەی (پە هلە یا پەلەوی) بیّ، هەرلە بەر ئەوەیشە، زمان و چارینەکانی ئەم ناوچە بـە (پەهلە ویات، فەهلە ویات) ناو دارن (هەرئەویّ، ١/ ٧٤).

لەزەمانی سەڵتەنەتی خوسرەو پەروێز (٥٩٠-٦٢٧ز) بوّماوە یەک، بستام خالّی ئەو بەدژی شا، را پەڕی و دەسیگرت بەسەر ماسە بەزان (دینە وەری، ١٠٣) هەبونی هەندیّ ناوچەی جوغرافیا یی کە بە ناوی میهروە یا تەرکیبیّ لەوە، وەکو: میهران، میهرەگان، کە عەرەب بە میهرەجان قوزەق - ناوی بردوە، یا میهراوکوّ (میهروکوّ)، دییّ: چـەم مـیهر، لەوجیّیەی کە چوّمی کەشکوّ دە رژیّتە سیمرە و میهراو ویزیهار، لە قـەلاّی کـەهزاد، ئەمەمان نیشان دەداکە لەو ناچە ئایین و ئوّلی میهرپەرەستی، فرە پەرەدار بووە (ئیّزەد پەنا، هەرئەویّ، ١/ ٤٦-٤٧). لەکاتی هیّرشی عەرەب ماسـە بـەدان: (پشـتکوّ) لە ١٦

Dr.Saleh Ebrahimi



مانگی و ٦٣٧ز ـ کەوتە بە رهێرشی عەرەب. **ئازین کوری هورموزان** بۆ دیفاع لەم سەر زەویە، سپاێکی لە دەشتی ماهسە بەدان کۆکردەوە، بەلاّم لە راست سپای زیرار بن‌خەتتاب، سەرداری عەرەب شکاو شەهید کرا، خەڵکی رویان کردە چیاوزیرار بانگی کردن و ئەوانیش گەرانەوە بۆماه سەبەدان و شاری خۆیان (تەبەری ٣٧/٤؛ کوری ئەسیر، ٢/٥٢٥)، بلازەری رایگە یاندوە کە ماهسە بەدان بە هۆی ئەبوموسی ئەشعەری داگیر کراوە، بە پێی نوسراوەی بلازەری ئەبوموسا دوای گەرانەوە لە نەهاوەند و زاڵ بون بە سەر **خەڵکی شاری دینە وەردا هێرشی کردە سەر ماهسە بەدان**، خەڵکی ئەویّ و هەروا خەڵکی شاری شیروان یا سیروان (یەکیّ لە ناوەندی ولاّتی ماهسە بەدان) سوڵحیان لەگەڵداکردوباج و جزیە و خراجیان پێدا و بەو جورە دەسە لاّتی بەسەر ئەویّدا پیّداکرد. بلازەری و تویەتی: کەبە ئەقیدە هەندیّ ئەبوموسی ماهسە بەدانی بەر لە هێرشی بۆسەر نەهاوەند، داگیر کردوە (پەرەی ٣٠٧).

دوای زاڵبونی عەرەب ماهسە بەدان کرایە بەشیّ لە هەرێمی جیبال (چیاوچروکێف نشینەکان جیبال یا بیلادی جیبال یا جەبەل: ناوچەیّ کوێستانی پانو بەرینە. لە دەشتە کانی بەینە نەهرەین تاکەویری ناوەندی ئێران دەکشیّ، یانی هەر ئەو ناوچەیەکە یۆنانیان ئەویّیان بە (: مێدیانی) ناو دەبرد، (بروانە دایرەتولمەعاریفی فارسی) جیبال یا قوهستان (موعەرەبی) کوێستان ـ لە زاراوەی جوغرافیا نوسانی قەدیمی ئیسلامی بە ناوچەییّ شاخاوی وکوێستانەکان و ناوچیا، لە ئێراندا، گوتراوەکە لە دواییدا بە ناوی عیراق عیراقی عەرەب، عیراقی عەجەم ناوی دەرکردوە. ئەم ناوچە لە شەرقە وە ئەلکیّ بە کەویری خۆراسان و فارس و لە غەربەوە ئەلکیّ بە ئازربایجان و لە باکورەوە ئەلکیّ بەکێفەکانی ئەلبورز و لە پاشورەوە، ئەلکیّ بە عیراقی عەرەب و خوزستان. ناحیەی جیبال بێجگە لەدە شتەپان و بەرینەکانیّ، کەلە هەمەدانەوە تارەی لای تاران (رییّ: ریگا) و بەرەو لای قوم (گۆم: گۆمی خۆی). باقیەکەی چیاو چروکێفوکوێستانە، جاهەر لەبەر چیاوکێقاوی بەجیبال ناوی دەرکردوە.

لەراستیدا، ولاّتی جیبال داگری ماهبەسرەو ماهکوفەیە و هەمو، ولاّتیّکە لە مێدیای:

Dr.Saleh Ebrahimi



ماد ـ ی که‌و نارا، دابووه، که له‌سه‌رده‌می هێرشی عه‌ره‌ب و ئیسلام دا، ناوه‌که، کراوه‌ته به‌سره‌و کوفه، گرتبویه، به‌ر، جادوای هێرشی مه‌غول ناوچه‌ی جیبال که‌م که‌م لاچو، جه‌به‌ل جوڕ یا کێفی‌گور، ناوی ئوستانێ، گه‌وره‌وپان و به‌رین بووه که له نێوان دیار به‌کرو هه‌ولیڕ دابووه و به‌هه‌ولیڕ نیزیکتر بووه، که خێوی قه‌لاو دژ و گوندگه‌لێ فره‌و ئاوه‌دان بوگه.

کانی یا حانی، ناوی شارێکه له دیار به‌کردایه، که‌کانی ئاسن له‌وێ یه.له ناوچه‌که‌دا، فره‌وفراوانه ـ دارا ناوی شارێکه له داوینه‌ی کێفی نێوان نه‌سیبه‌ین و ماردین (بروانه موعجه‌م بولدان به نه‌قل له‌کتێبی تاریخی ئه‌یوبیان په‌ره‌ی ١٣٦ به‌شی کوڵه و په‌راوێز، نوسراوی جه‌ماڵه‌دین محمد بن سالم بن واصل، (وه‌فات ٦٩٧ هق) ته‌رجه‌مه‌ی په‌روێز ئه‌تابه‌کی په‌ره‌ی ١٤٤ جوزوی ٤ (٦١٥ ـ ٦٩٧ هق) ساڵی ١٣٦٩ هه‌تاوی تاران (شه‌پوڵ). جوغرافیا نوسانی ئیسلامی ماهسه به‌دانیان به به‌شێ له‌و ناوچه دناوه (ئیبنی خوردادبه، ٢٠؛ ئیبنی روسته، ١٠٦؛ یاقوبی، ٣٨-٣٩). وڵاتی ماهسه به‌دان. دارای دو شاری حاکم‌نشین بووه: **شیروان و ئه‌ریجان** یائه ریوجان (ئێزه‌دپه‌نا، ئاسار، ٢/٤٣٤). شیروان له روژگاری ساسانیان و هه‌روا تاده‌وره‌ی عه‌بباسی، ئاوه‌دان بووه و خه‌ڵکی تادوای سه‌ده‌ی ٤ مانگی له‌وێدا ژیاون (هه‌رئه‌وێ، ٢/٤٣٦، که‌ریمی، رێگاکان، ١٢٧). کوڕی حه‌وقه‌ل شیروانی به شارێ بچوک. به‌خانو به‌ره‌ی به‌رد چین و گه‌چ، دارای میوه‌ی فره و به‌ده‌سهاتی گه‌رمێن و کوێستان، کانی و ئاوێ زوڕ، داروباغ و به هه‌بونی به‌روبوی کشت و کاڵ وه‌سف کردوه (١/٣٤٨-٣٦٩). ئه‌بودولف نوسیویه‌تی: ئه‌ریوجان شارێ جوان و دلگیره که‌له ده‌شتێ له‌نێوکێوی پڕدار و دره‌خت دایه و دارای ئاوی مه‌عده‌ن و گوگردی یه (په‌ره‌ی ٦٣-٦٤).

له ١٦٩ مانگی و ٧٨٥ز ـ مه‌هدی خه‌لیفه‌ی عه‌بباسی له ماهسه به‌دان مردوه (مه‌سعودی، ته‌نبیه...، ٣٤٣) که ناوی که‌ش‌و هه‌وای خوش‌و دلگیری ئه‌ویێ بیستبو، بوسه یران و خوش رابواردن، چبووه ئه‌وێ (هه‌رئه‌وێ، مروجوزه هه‌ب...، ٣/٣١٩). له ماهسه به‌دان و دوشاری عومده‌ی ئه‌وێ (شیروان و ئه‌ریوجان). قسه‌له‌کانی و ئاوی گه‌رم (گه رماوان) کراوه که ئاوی ئه‌وانه ئاگرناکوژێنێته‌وه و ئه‌وه‌له عه‌جباتی جیهانه (هه‌رئه‌وێ ٢/٣٥).

Dr.Saleh Ebrahimi



وادە ردە کەوێ کە لەسەدەی ۴ مانگی و ۱۰ز ـ **بزاوی خورە مدینان لەنێو خەڵکی ماهسە بەدان پەرەدار بووە و شارەکانی شیروان و ئەریوجان**، وارگە ونشینگەی، **پەیرەوانی ئەم دین و ئوڵە بووە** (هەرئەوێ تەنبیهـ ۳۵۳، مروج ۳/۳۰۵)، میقدەسی خورە مدینانی ماهسە بەدان بە مروگەلێ پاک و چاک و پەندار پاک، داناوە (۳۱/۴). لەزەمانی خەلیفەی عەبباسی ئەلتائیع بیللا (۳۶۷-۳۸۱ مانگی و ۹۷۴ ـ ۹۹۱ز) کە هاو زەمان، پاشاکانی ئال بوّیەیش لەئێران سەڵتەنەتیان بەدەس بووە، **حەسە نوەیهکوری حوسێن بە رزیکانی بەسەر پشتکوّ و پێشکوّ، دەسەلاّتیان پەیداکردبوو** (ئیّزەدپەنا، تاریخ، ۳۹۴) تا زەمانێ کەلە قەلاّو دژی (سێرماج) مرد (موجمەل ۳۹۴). ئەتا بەکانی لورِی بچوک لە ۵۸۰ تا ۱۰۰۶ مانگی و ۱۱۸۶ز بە سەرئەو ناوچەدا حوکومەتیان کردوە (ئەفشار، ۱۳۳، کیّرزوّن ۱۱/۲۷۷) بەکوژرانی **شاویر دیخان، ئاخرین ئەتابەکی لورِ** لە ۱۰۰۶ مانگی بە فەرمانی شاعەبباسی کەبیر، فەرمانرەوایی ئاوان لە پشتکوّ و پێشکوّ دوای بڕاولە جیاتی ئەوان حوکومەتی زنجیرەیێ ترلە فەرمانرەوایانی لورِ بە ناوی (والیانی لورِستان) دەسی پیێ کردوە (ئەفشار، ۱۴۴؛ دیّمورگان؛ ۲/۲۳۹-۲۴۰). حوکومەتی والیان تا ۱۲۱۱ مانگی و ۱۸۹۶ز بەردە وام بووە و لەو سەردەمەی دا ئاغامحەمەد خانی قاجار دوای **لەناو بردنی زنجیرەی زەندیە**، بوّئە وەی لە هێزودە سەلاّتی والی لورِستان کەم بکرێتەوە، پشتکوّی لە ناوچەکانی تری لورِستان جیاکردەوە و لەوە بەدوا، **دەسەلاّتی والی تەنیا لە پشتکوّدا بەرتەسک کریا**. والی هەرلە و ساڵەدا لەخورەماوا وە. وارگەی خوّی گوێستەوە و لەگەڵ هەندێ لە تایفەکانی چووە پشتکوّ (مورتنسێن ۵۰-۵۱). جاهەر لەپەرئەوە لە سەرە تای پاشایی فەتالیشای قاجار، **ناوی والی لورِستان، کرابە والی پشتکو**(ساکی، ۳۰۴)، لەزەمانی فەتالیشای قاجار والی گەری پشتکوّ بە دەس حەسەنخان بووە و لە حوکومەتی ناوەندی ئێران پەیرەوی کردوە و بنکەی حوکومەتی خوّی لە خورە ماواوە بردوّتە ئیلامی ئەمروّ (هەرئەو، ۳۰۶).

لەوالیە ناودارە کانی والیانی پشتکوّ: **حوسێن قولیخان ئەبوقە ددارە** کە لە هەمویان، زیاتر ناو بە دەرە وەتر بووە، مروّفێ جەنگ زان و لەکارزان و بوّیر بووە، ئەولە سەر

Dr.Saleh Ebrahimi



ئیختیلافی سنور لەگەڵ عەرەبەکان بە شەرهاتووە و ئەوانی تاکە نارو بە ستێنی دەجلە: (تیکە لهات) هەڵبڕی (هەرئەویٚ ٣١٠). حوسێن قولیخان لەسپای ئێراندا پلەی ئەمیر تومانی (سەرلە شکری) هەبووە (کێرزۆن ٢٧٩/١١). ئەولە پشتکۆیش، دەسەلاتی نیشان داوە و چەن جارلەگەڵ هۆزوتایفەکانی پشتکۆدا. بە شەڕ هاتووە (ساکی ٣١٤-٣١٥). حاجی سەییاح کەلە ١٢٩٧ مانگی و ١٨٨٠ز- چوٚتە پشتکۆ لەگەڵ حوسێن قولیخان و کورەکانی لە ناوەندی والی: «دییٚ بالاٚ: حوسێن ئاوا: ئیلام: ماهسە بەدان) دیدەنی کردوەو لە هەیبەت و شکۆی ئەوقسەی کردوە (پەرەی ٢٢٥-٢٢٧). دوای حوسێن قولیخان،کورەکەی: **غولامرەزاخان ئە بوقە دداره،** بوٚتە والی پشتکۆ و تا ١٢٩٩ی هەتاوی لەسەر پشتکۆ حوکومەتی کردوە و لەساڵی ١٣٠٧ هەتاوی چوٚتە عێراق و بوٚتە پەنابە ری ئەویٚ و هەرلە ویٚش مردوە و بەوجۆرە حوکومەتی والیان لەنێو چوونەما (رەجەبی، ٤٤١).

شوێنە واری مێژویی. لەپشتکۆ، ئاسە واری تاریخی فراوانیٚ لەدە ورەکانی جۆر بە جۆری کەو نارا، ماوەتە وجێی پەنجەیان دیارەکە هەندیٚ لەوانە بە جێماوی شوێنی ئاوایەکان و قەلاٚ و جێگای سپای دەورەی ئیلامی، زانراوە و دانراوە، هەر وەکو سلێمان **تەپە (ژێر زێرینە) کەدەگەرێتەوە بوٚسالی ٢٥٠٠ بەرلە زایین،** تەپوٚلکی بیکسایە لە نێزیک سلێمان تەپە، تەپوٚلەکانی سەبە عاتی خەریز (چواررێز) کە چارتە پوٚلەی نێزیک لەیەکن، وێرانەکانی تەپوٚلەی لالارکە بە بەجێماوی شوێنی شاری کوٚنەی (توبوی) دانراوەکە لە عەهدی ئاشوٚر بانی پالٚ (سەدەی ٧ بەرلە زایین) ئاوە دان بووە و لە روٚژگاری ساسانیانیشدا یەکیٚ لە ناوەندە گرینگەکانی سپایی پشتکۆ دەهاتە ژمار، لەوێرانەکانی شاری شیروان: (سیروان)،یش خانوبە رەگەلیٚ لە بەردوگەچ دە بیندریٚ کە هیٚزە مانی ساسانیانە (مشکوتی، ٢٨٩-٢٩٠). شیروان تادوایی سەدەی ٤ بەرلە زایین ئاوادان بووەو لەوە بەدوا هەڵدەگری بە بولەرزە و عەرز هەژان وێران بوبیٚ (ئێزە دپەنا، ئاسار، ٤٣٦/٢).

جییٚ ئەریوجان دوەمین شاری کوٚنی پشتکۆ (ماهسە بەدان) بەجییٚ شاری ئێلامی

Dr.Saleh Ebrahimi



ئێستا، دانراوە، کە حوسێن خانی والی بە ناوی ناوەندی حوکومەتی خۆی هەڵبژاردوە و بە حوسین ئاوایش ناوی دەرکردوە (کەلە زەمانی رەزاشای پەهەلەوی خەڵکی پەهلەوانی لەکی ئەلە شتەری لەکزادە کەلە پاشان بەرەزا ئالاشتەری ناودار بووە، ناوی حوسێن ئاوای گوریوە وکردویە تە ئیلام، بە خەیاڵ کورد نە توانێ بڵێ خاک و نیشتمانی منە، هەروەک صەدامی سەر بە پە تاکراو، موسڵی خاکی. کوردستانی بە (نەینەوا) ناو ناکە بە خەیاڵ کورد نەڵی موسڵ خاکی کوردانە (شەپوڵ) بەڵی رەزاخان حوسێن ئاوای کردە ئیلام (هەرئەوێ، ٢/٤٣٧). حوسێن ئاوا لەبەرا بەدیێ بالا ناوبراوە (ئیستارک ١٨٥) کە لە داوێنەی مانشتکۆ دایە و روژگاریێ وارگەی هاوینانی والیانی پرهیزی پشتکۆ بووە (ئیستاین ٢٢٨). بەغیلە موفەرەغە کانی ناوداری لورستان کەلە نێوان ساڵەکانی ١٩٢٨-١٩٣٠ز- **بازارەکانی عەتیقەی نێوگەلانی بۆلای خۆی راکیشا بوو، لە نیوقە برە** کانی نێوشیو و دوڵی نیوکیوی پشتکۆ، دەدوز رانەوە و پیوەندیان بە سەرە تای نیوەی **دوەمی هەزارەی ٣ بەرلە زایین تا سەدەی ٧ بەرلە زایین هەبووە.** (مورتنسێن، ٧٢، ٦٩). لە ١٣١٧ هەتاوی و ١٩٣٨ز- موجەسە مە بێ بریتزی بچوک لە پشتکۆ دوز راوە تەوە کەلە بەر ئەو تایبە نمەندیانەی کە هەیبووە، فرە زور کەوتوتەر، بەرسەرنجدان. ئەو موجە سەمە بەوێنەی خوایە، کە بە پیوە راوە ستاوە و خنجیریکی بە بەرپشتوێنەوەیە و تیردانێ بەپشتەوە کە بە سەر روی جلکی ئەو مەبەستێ بەخەتی بابیلی دوایی نوسراوە و نیشان دەداکە خودای شار «ئیلتیرگەزی»یە، (واندنبیرگ، ٩٤). گیرشمەن ئەم موجە سەمەی بە نیشانەی پێشوە چونی هونە روفەننی سازدانی کە رەستە گەلی ٣ بوعدی داناوە (هیتری...، ٥) هەندێکیش جلکی جەنگی ئەوە، بە نیزیکی هاو شیوەی جلکی عەشایری **ئێستاکلوڕیان داناوە** و رایانگە یاندوە کە جلکی شەڕوانانی ئەو زەمانە هەرئەم شێوە جلکەی لوڕەکانی ئەم سەردە مەبووە (سوهرابی، ٢١٤-٢١٥). لە نوسراوەکانی هەندێ لەگەڕۆکەکان کە سەریان لە پشتکۆ داوە دەڵێن: وە هادەردە کەوێ کە لوڕەکانی ئەم سەرزەویە، دەم و چاوێ ڕێک وجوان و بالا بەرز و جوانچاک و بوێرو نە ترس و ئازا و چالاک بوون (سەییاح، ٢٣٤)، ئیستارکیش جوانچاکترین خەڵکی شاری بەغا، بە لوڕە

Dr.Saleh Ebrahimi



کانی پشتکۆی نیشتە جێی بەغا داناوە و بە پێی نوسراوەکانی ئەو، پشتکۆکانی شاری بەغا کە هەموساڵێ نمایشێکیان سازدەدا شێوەی ژیان و هەستان و دانیشتن و داب و دەستوری باوی ناوچەی پشتکۆیان بە جوانی بە بینەران و تەماشاچیان نیشان دەدا و ستران و گۆرانیشیان بەدەنگی بەرزوبڵیند کە لەدەنگ و ئاوازی ناوچەی شاخاوی ئاڵپ دەچومرۆ هە موشانوکانی ئەوکایە و نمایشەی لەنێو بنەماڵەکانی پشتکۆی بەچاوی خۆی بەباشی دەدی و تێ دەگەیشت کە چ ئاداب و روسومێکیان هەیە (پەرەی ٦٧-٧١). **سەرچاوە:** کوڕی ئەسیر، ئەلکا میل، کوری حەوقەل، محەمەد صورەتی عەرز، بە کۆششی کرامێرس، لیدەن، ١٩٣٨ز- کوڕی خورداد) بەعوبەیدیلا، مەسالیک و مەمالیک بە کۆششی دخویە، لیدەن، ١٣٠٦ مانگی و ١٨٨٩ز- ئەبودلف، موسعیر ریسالەی ٢، بە کۆششی بولگاکف و خالیدوف، قاهیرە، ١٩٧٠ز- ئیستارک، فریا، سەفەرێ بۆدیاری ئەلەموت، لوڕستان و ئیلام تەرجەمەی عەلی محەمەد، ساکی، تاران، ١٣٦٣ هەتاوی، ئەفشار سیستانی، ئێرەج، ئیلام و تەمە دونی دێرینەی ئەو، تاران ١٣٧٢؛ ئێزە دپەنا، حەمید، ئاساری باستانی و تاریخی لوڕستان، تاران ١٣٧٦. هەرئەو، تاریخ جوغرافیایی و کومەلایەتی لوڕستان، تاران ١٣٧٦، بلازەری، ئەحمەد فتولبولدان، بەکۆششی دخویە، لیدەن ١٨٦٥ز، بیهمەنیش، ئەحمەد، تاریخی میلەل مەدیم ئاسیای غەربی تاران ١٣٣٩؛ دیاکۆنۆف. ئە. م. تاریخی ماد، تەرجەمەی کەریم کە شاوە رز تاران ١٣٤٥، دینەوەری ئەحمەد ئەلئە خباری تیوال بە کۆششی عەبدو لمونعیم عامیر، قاهیرە، ١٩٦٠ز؛ راولێنسوٚن، هێنری، سەفەرنامە «گوزەرلە زەها و بۆ خوزستان» تەرجەمەی سکەندەر ئەمانوللاهی بەهاروەند، تاران ١٣٦٢، رەجەبی، ئەمین و ئەسغەر رەجەبی: والیانی لوڕستان، فەسڵ نامەی موتالە عاتی تاریخی، مەشهەد، ١٣٧٠ سالی ٣ و ٤، ساکی، عەلی محەمەد جوغرافیای تاریخی و تاریخی لوڕستان، خورەماوا، ١٣٤٣، سوهرابی محەمەد. لوڕستان و قەومی کاسێت، خورە ماوا، ١٣٧٦، سەییاح محەمەد عەلی، بیرەوەری یەکان، بەکۆششی حەمید سەییاح و سەیفوللاگولکار، تاران، ١٣٥٦، تەبەری، تاریخ، کام بەخش فەرد، سەیفوللا، ئاسار تاریخی ئێران، تاران، ١٣٨٠،

Dr.Saleh Ebrahimi



که‌ریمی، به‌همه‌ن، جوغرافی موفه‌سه‌لی تاریخی غه‌ربی ئێران، تاران، ۱۳۱۶ هه‌تاوی؛ هه‌رئه‌وێ، ریگا باستانی یه‌کان و پیته خته‌کانی قه‌دیمی غه‌ربی ئێران ۱۳۲۹، کوکلان، ئیبراهیم، جوغرافیای سپایی ئێران، تاران، ۱۳۳۳، که‌یهان، مه‌سعود، جوغرافیای موفه‌سه‌لی ئێران، تاران ۱۳۱۱، گابرێل، ئالفۆنس، ته‌حقیقاتی جوغرافیایی سه‌باره‌ت به ئێران ته‌رجه‌مه‌ی فه‌تعه‌لی خواجه نوری، به‌کۆششی هومان خواجه نوری، تاران، ۱۳۴۸؛ گیرشمێن، ئێران له سه‌ره تاوه تائیسلام، ته‌رجه‌مه‌ی محه‌مه‌د موعین، تاران، ۱۳۵۵ هه‌رئه‌وێ، هونه‌ری ئێران، ته‌رجه‌مه‌ی عیسا بیهنام، تاران ۱۳۳۶، موجمه‌لو ته‌واریخ وه لقیسه‌س به‌کۆششی محه‌مه‌د ته‌قی به‌هار، تاران، ۱۳۱۸، دێمورگان، ژاک جوغرافیای غه‌ربی ئێران، ته‌رجه‌مه‌ی کازم وه‌دیعی، ته‌ورێز، ۱۳۳۹، مه‌سعودی عه‌لی ته‌نبیهـ و ئیشراف، به‌کۆششی، دخوێه، لیده‌ن، ۱۸۹۳ز، هه‌رئه‌وێ، مروج زه‌هه‌ب، به کۆششی محه‌مه‌د محیّدین عه‌بدولحه میدقاهیره، ۱۳۸۴-۱۳۸۷ مانگی و ۱۹۶۴(۱۹۶۷ز-؛ مشکوتی، نه‌سرولڵا، فیهرستی بیناکانی تاریخی و مه‌کانه باستانیه کانی ئێران، تاران ۱۳۴۹ هه‌تاوی، میقده‌سی، موته‌هیر، ئه‌لبه دئولتاریخ، به‌کۆششی، کیلمان هوار، پاریس ۱۹۰۳ز-؛ واندنبێرگ لوئی، باستان ناسی ئێرانی باستان، ته‌رجه‌مه‌ی عیسا بیهنام، تاران ۱۳۴۸ هه‌تاوی؛ یاقوت، بولدان، یاقوبی، ئه‌حمه‌د، ئه‌لبولدان، بێروت، ۱۴۰۸ مانگی و ۱۹۸۸؛ هه‌روا:

Brunner, ch, J Geographical and Adminis: trative Divisions; settlemets and Economy the camdridge History of Iran, Vol. Vlll(2)ed. E.Varshatar Lond on, 1983; curzon, G.n.,persia and the persian question Lomads of lurstan, ed. I.nicoloisen, Copenhgen, 1993; stein, A; Old Routes of we stern Irän London, 1940; strabo. the Geography, tr. H.L. one, London 1961.

موحسین ئه‌حمه‌دی دایره‌تولمه عاریفی بوزورگی ئیسلامی ج ۱۳ په‌ره‌ی ۶۷۴ تا ۶۷۱ چاتپی ۱۳۸۳ هه‌تاوی (شه پۆل). شیعر:

Dr.Saleh Ebrahimi



ئه‌گه‌ر خوسره‌و بوم ده‌س وه جامه‌وه          ئـه‌روام کڵ مـه‌خوه‌یٚ وه ئـیلامه‌وه
گه‌رتم بیه‌ن وه‌ده‌س بـایٚ شـه‌ماڵه‌وه          تــــابیه وه‌زیٚــد کــورده مــاڵه‌وه.






Dr.Saleh Ebrahimi



# پەریشانی لورِ

مەلا ئەبولقاسم ناودار بە مەلا پەریّشان، عارف و شاعیری ناوداری لورِ، لەریزەکاری ژیانی مەلا پەریّشان ئاگاداری یەکی ئەو توّ لەبەر دەس نیە و تەنیالە سەر بنچینەی دوشیعرلە شیعرەکانی مەلا پەریّشان کەلە واندا تەنیا ئاماژەی بەوەکردوەکە (٥٠) سالّ لە خزمەت شیّخ رەجەب بورسیدا (هـ م) بووە (بەندی ٢٣) کە بەورد بونەوە لەو ئاماژە، دەکریّ بوتریّ دەورەی ژیانی مەلا پەریّشان لە نیّوان نیوەی دوە میسەدەی ٨ و نیوەی ئەوەلّی سەدەی ٩ی مانگی دابووە. نشینگەی لە دایک بونی مەلا پەریّشان، جیی قسە و باسە، هەندیّ لە لیّکوّلّە ران، جیّی لە دایک بونی مەلا پەریّشان بە دینەوەر، دادەنیّن و بەکوردی دەزانن (بروانئە، حەیدەری، «ز»؛ مەردوّخ روّحانی - ١١٣/١؛ سولتانی، ١٤٦/١، شاکری، ١٢١) و هەندیّ نوسەری دیکە،مەلا پەریّشان لە تایفەی لورِ-ی غەیاسوەند و خەلّکی دلّفانی روّژاوای لورِستان، دادەنیّن و لەسەر لورِبونی مەلا پەریّشان پیّی دادەگرن (غەزەنفەری، «چ»، روّح بەخشان، ٣٢٠، ئیبراهیمی محەمەدی «شە پوّل»: کتیّبی ژیناوەری رانایانی کوردلە... چاپی ١٣٦٤ هەتاوی تاران، مەهارەت و کازمی، ٥٧٠) بەلاّم بەسەرنجدان بەوەکە مەلا پەریّشان شیعرەکانی خوّی بە زاراوەی لورِی و لەکی هوّنیوە تەوە، بیروڕای دوەم کە لایان وایە مەلا پەریّشان لورە، راست و دروست تردیّنە بەرچاو. - ئەشعاری مەلا پەریّشان کە بە (پەریّشان) ناوی خوّی لە هوّنەکانی خوّیدا بردوە - بەلاّم **دیوانی شیعرەکانی بە ناوی (پەریّشان نامە)** گرد و کوّکراوە تەوە، بەتیّ روانین بە دیوانەکەیدا، بە روناکی دەر دەکەویّ کە مەلا پەریّشان شیعەی جەعفەری بووە، بە عەلی کوری ئەبو تالّبیدا هەلّیگوتووە ولە بابەت کەر بە لاشەوە شیعری داناوە بروانئە بەندی ١٦ و هەروا بەشی دوەم پەرەی ٤-٩). هەروا بەورد بونەوە لە هوّنە و شیعرەکانی ئەو، فرە بەئاشکرادە ردەکەویّ کە مەلا پەریّشان پەیرەوی مەزهەبی حروفیەیش بووە کە لە روّژگاری ژیانی مەلا پەریّشان ئاینی حروفیە لە ناوچەی لورِستاندا برەویّ پەرە دارو بەر بلاّوی هەبووە (بروانئە ج ٢ زانایانی کورد ئیبراهیمی

Dr.Saleh Ebrahimi



(شەپوّل) چاپی ١٣٧٩ هەتاوی تاران و بەندی ٢) لە شیعرەکانی مەلا پەریّشاندا بە رونی دەردەکەویّ کە لەمەبانی عیرفانی و عیلم و زانستی فەلسەفە وکە لامدا، دەسیّ بالاّی هەبووە و ئەو زانیاریانەی باش زانیوە، هەرئەوەیشە کەلە هوّنەکانی خوّیدا لە زاراوەی: (حودوس، قیدەم، قیدمی زەمانی و قیدمی زاتی، قەوسی سوعود و قەوسی نزول، ئیحاتە و موحات و... وەباس کردن لە باس گەلیّ وەک زات وسیفاتی خوا، وجوب و ئیمکان و...) لەشیعرو هوّنەکانی خوّیدا، نیشانی ئەوەیە لەو عیلمانەدا، شارەزاو زانابووە. مەلا پەریّشان لە هوّنەکانیدا فرە زوّرو بەربلاّو لە (ئایاتی قورئان و پەندو ئەمسال ـی عەرەبی و فارسی، هەروا واژەی کورت و پرواتای پیّشە وایانی دینی و فەرمودەی پیّغەمبەری بە کاربردوە، ئەمانە بە چاکی نیشانی دەداکە هەم دەسە لاّتیّ فرەی بە سەر زمانی عەرە بیدا هەبووە و هەم بەسەر ئەوسەر چاوانەدا ئاگاداری یەکی تەواوی هەبووە و لە وانەدا فرەشارەزا بووە، مەلا پەریشان لە زوّر شویّندا ئاماژەی بە مەنتیقوتەیری عەتتارو مەسنەوی مەولەوی کردوەو هەروا برەشیعریّکی بە شیوّەی (ساقی‌نامە)ی حافز شیرازی هوّنیوە تەوە و ئەمانەش ئەوە دەگە یینیّ کە مەلا پەریّشان بە سەرئە وانیشدا دەسەلاّتی هەبووە و عادەت و خوی بە وکتیّبانەوە، هەبووە و ئەهلی کتیّب و کتیّب خویّن بووە (بروانە: بەندی ٣ کە لەئاخریەکەیدا ئاماژە بە داستانی سیمورغ دەکاو هەروا بروانە بەندی ١۴، ١٩ و ٢١ و بوّ ساقی نامەیش بروانە بەشی دووەم، پەرەی ٩-١٠). لەوە دەچیّ مەلا پەریّشان، هەواداریو ئوّگریّکی ئەو توّی بە صوّفیگەری، برەو داری روّژگاری خوّی نەبوبیّ، لە هەندیّ لە هوّنەکانیدا هیّرشی کردوّتە سەر صوفی (بروانە بەندی ٢۴، لیّرەوە دەردەکەویّ بە راوە ژوی بیرورای هەندیّ نوسەر مەلا بەریّشان صوّفی نەبووە (بەهار، ٣٧٨/٢)، مەلا پەریّشان شاعیریّ پرزانا بووە، باوەکو شیعرو هوّنەی مەلا پەریّشان لە نیّوخویّندە و ارانی لەک و لوروکوردا بلاّو بوّتەوە، بەلاّم بەو شیّوەی شیاوە، مەلا پەریّشان هیّمان بەباشی نە ناسراوە. **سەرچاوە** بەهار محەمەد تەقی، بە شیّ لە یادداشتەکانم لە سەفەر بوّشوّرەوی، هەروا بە هارئەدە بیّ‌فارسی بە کوّششی محەمەد گولبن، تاران ١٣٥٥ هەتاوی؛ پەریّشان لورِ، ئەبولقاسم، دیوان بە کوّششی

Dr.Saleh Ebrahimi



ئیسفەندیار غەزەنفەری ئومەرایی خورە ماوا، ١٣٦١ هەتاوی، زانایانی کورد ج ٢ محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل) چاپی ١٣٧٩ هەتاوی پەرەی ١٦٠ تا ١٧٤ و حەیدەری زێباجۆی، فەتعەلی، بەرکول لەسەر دیوانی مەلا پەرێشانی کورد، کرماشان ١٣٣٥ هەتاوی، رۆح بەخشان، عەبدەلمحەمەد مەلا پەرێشان ـی کورد، لورستان توێژینەوەیی، خورە ماوا (١٣٧٧) هەتاوی ساڵی ١ ژمارەی ١ و ٢؛ سوڵتانی محەمەد عەلی حەدیقەی سوڵتانی تاران ١٣٦٤ هەتاوی، ژیناوەری زانایانی کوردله... محەمەد صاڵح ئیبراهیمی (شەپۆل) تاران، پەرەی ٧٣٣ تا ٧٨٠ چاپی ساڵی ١٣٦٤ هەتاوی شاکری، باقر تەزکیرەی موختە سەری شاعیرانی کرماشان، کرماشان ١٣٣٧ هەتاوی. غەزەنفەری ئومەرایی، ئیسفەندیار، بەرکول لەسەر دیوانی پەرێشانی لور (هەم)، کازمی، ئیرەج، مە شاهیری لور، خورە ماوا (١٣٧٦) هەتاوی، بابا مەردوخ رۆحانی شێوا تاریخی مەشاهیری کورد، تاران ١٣٦٤ هەتاوی ـ عەبدولموحەمەد رۆح بەخشان، دایرە تولمە عارفی بوزورگی ئیسلامی ج ١٣ تاران ١٣٨٣ هەتاوی پەرەی ٦٢٨ تا ٦٢٧. مەلا پەرێشان بەکوردی لەکی لوری دیوانی شیعری هەیە ـ هەروەکولە بەراوترا، مەلا پەرێشان پەنجا ساڵ لەخزمەت شێخ رەجەب بورسی (خاوە نی مەشاریقولئە نوار دابووە؛ شێخ رەجەب بورسی لە ٨٠١ مانگی لە حاڵی ژیاندا بووە کە مەلا پەریشان بە شیعر فەرمویەتی:

شێخ رەجەب بورسی وە ئەوگشت قورسی    ئەو لەوەحەدەت حەرفێ ژمن پورسی
پە نجا ساڵ تەریق خزمەتم گوزاشت    جوز، وە یەک، رشتە جور بوزە، نەیاشت

دێخودا لە لوغە تنامەدا سەبارەت بە رەجەب بورسی ئاوای باس کردوە و رای گەیاندوە: «شێخ رەجەب بورسی لە بێژە رانێکە، جار بە ناوی ئەلبورسی و جارجاریش بە ناوی حافزولبورسیو زەمانێ بە ناوەی شێخ رەجەب خۆی ناساندوە، نوسەری رەوزە تولجە ننات، ئەوی لە ژماری زانایان و نوسەران، ناو بردوە و تەئلیفاتی شێخ رەجەب بورسی ئەمانەن: (مەشاریقولئە نوار و لوبابولحەقا یقیئیمان و مەشاریق ئەمان) کەلە ٨٠١ مانگی دانراون (بڕواننە لۆغە تنامە حەرفیر، پەرەی ٢٩١)، ئەمەیش ٦ هۆنە لە هونە

Dr.Saleh Ebrahimi



کانی مەلا پەریشان؛

مـــن ژبـــیسمیلا مـــن ژبـــیسمیلا ئـــیبتیدا مـــەکـــەم مـــن ژبـــیسمیلا
پـــەریشـــاننامە زیکـــرمەکـــەم لیـــلا نە ئەرای هە رکـــەس، بـــەل فـــەنا فیـــلا
لارەتب، لایـــابیس ئـــیللافی کـــیتاب کیتاب دەرج هەمە وەفە سلە لخـــیتاب
زاهیر هەرشەیء لەهو لەکەتمی عەدەم ئـــەللاّ ئـــەرباب حـــودوس، ژقیدەم
ئاب و باد و خاک و ئاتەش زاهیرێن عونسور بێ ئیمکان مەعناش بـاهیرەن
زەمـــانێ ئـــەییام جـــاهیلیەت بـــی نـــوبی هـــات ژبـــەعد نـــازلّ بـــی نـــوبی

هەروەکو لەم سێ هۆنە دەردەکەوێ مەلا پەریشان لە سەر رێبازی حوروفیە بووەکە بە شیعر رایگە یاندوە:

وەسف بـەندەگـی بـزان سێحـەرفەن حەرفێ سێ‌کەلام و نە حوی صەرفەن
ژ (واو) وەدود، وەفـــا بکـــەر زەبت ژ (صـــاد) صـەبر، صـەفا بکـەر زەبت
فێ فـــەقروفاقە، فـــەنا دامـــحەلل خـیرولکە لامـی مـا قـەللە، وەدە لِل.

مەزهەبی حوروفیە فەزلّولّلاّ ئوستورابادی، دایهێناوە و باوەری بە ئەساڵەتی پیت و حوروف بووە، کە لە سەدەی ٨ مانگی ژیاوە و ئـەوەی لە بیروڕای شیعەگـەری وەرگرتووە و قورئانی بە شێوەیێ سەیر تە ئویل دەکرد و هونەرەکەی بازی کردن بە پیت و حوروف بووە و لە (٧٤٠) مانگی لەدایک بووە وکار و پیشەی پینەچی بووە و لە ٧٨٧ مانگیدا بیرو باوەری خۆی ئاشکراکردوە و لە (٧٩٦) لەکاتێکـدا خـەریکی نـوسینی جاویدان نامە بووە، بەفەرمانی ئەمیران شای کوری سێوەمی تەیمورە شەلەی گـورگانی فەزلّولّلاّ ئوستورابادی، دەکوژرێ (بروانە جوغرافیای تـاریخی و تـاریخی لورسـتان، ساکی پەرەی ٦٩) لەکتێبی سـەر سـوپوردەگـان، نـوسراوی سـەیید مـحەمەد عـەلی خواجەدین چاپی ١٣٤٩ هەتاوی پەرەی (١٥٨ و ١٥٩) نوسراوە:دامە زرێنەری ئایینی حوروفیە (شافەز لّولّلاّ نەعیمی تەوّریزی) یەکەلە ساڵی (٧٣٠) مانگی، لەدایک بووە و کتێبی: (جاویدان نامەی) داناوە. تەزکەرەی شوعەرای کرماشان پەرەی ١٢١ و ١٢٢. بە نەقڵ لە تاریخی مەشاهیری کورد، بابامەردوّخ روّحانی شێواج ١ چاپی ١٣٦٤ هەتاوی

Dr.Saleh Ebrahimi



تاران پەڕەی ۱۱۴ تا ۱۱۳.

ئوستاد دوکتور محەمەد صەدیقی موفتیزادە کە لەزوان زانان و زوان ناسانی گەورەی کوردە و لەساڵی ۱۳۳۴ مانگی وریکەوتی ۱۹۱۴ زایینی و ۱۲۹۲ هەتاوی لەدایک بووە و لەشە وی‌سێ سەمەی ٦ ئازەری ساڵی ۱۳٦۳ هەتاوی و ۳ رەبیعی ۱ ساڵی ۱۴۰۵ مانگی وەفاتی کردوە و لە کێوی وەسی قەرە ن نێژراوە، چوارساڵ و چەند مانگ سەر نوسەری رۆژنامەی حەوتە نامەی کوردستان بووە، کە یەکەم، ژمارەی لە رۆژی چارشەمەی ۱۵ گولانی ۱۳۳۸ هەتاوی و ۲۷ شە والی ۱۳۷۸ مانگی و (٦ مەه)ی ۱۹۵۹ زایینی بەزمانی کوردی لە ۸ لاپەڕەدا بەوێنەی حەوتانە لە تاران لە چاپ دراوە، زنجیرە و تارێکی بەناوی مەلا پەرێشانەوە، نوسیوە، لێکۆلە ران لایان وایە مەلا پەرێشان گەپشتوتە دواپلەی فەساحەت و بەلاغەت. مەلا پەرێشان لە برە شیعرێکدا وتویەتی:

جەددی تۆ خەلیل رەهبەری ئەنام　　　یەک قورمانی کەرد، ئەویش ناتەمام

مەلا پەرێشان لە نیوە شیعری دوەم دابەرزی خەیاڵ و هونەری خۆی نیشان داوە، چونکا بێجگە لەوەی مەبە ستەکەی راگە یاندوە، بیرو زەینی خوێنەر، بەرە و ئەوەرادە کێشی تابزانێ ئایا؟ ئەوکەسەی قوربانی خۆی تەواو کردوە، چکەسێکە کە لەدوایدا دەڵێ: حەفتادو دو تەتن قوربانی کەردی = حەققا، نە رای حەقە مەردانی کەردی. هەندێ لایان وایە مەلا پەرێشان لە هوزی قیاسوەندە کە ئەمیش لقێکە لەهۆزی کولیوەندودانیشتوی شاری قەزوێن بووە و بەمیرزا محەمەدخان ناسراو، بە: (پەرێشان)ە و هەندێ تریش لایان وایە لە هۆزی خەمسەی گەروسە - بە راستی مامۆستا موفتیزادە بە نوسین لەو حەوتەنامە دا خزمەتێ فرەبەر چاوی بەزمان و هۆنە و هونەری کوردی کردوە، بە تایبەت کەفرەکاری لە سەر دیوانی مەلا پەرێشان کردوە و شیعرەکانی راست کردوتەوە و هێناونیەتە سەر رێزمان و خەتی کوردی نوێ. ئەمەیش ساقی نامەی مەلا پەرێشان:

Dr.Saleh Ebrahimi



## ساقی نامە

ساقی باوە رۆ جامێ پەی مەستی | لەو دەم مەستی یەن ژبان هەستی
جامێ کە مەغزم باوەرۆ وەجۆش | دنیا و مافیها بکەم فەرامۆش
نە، ژەو بادەی بەزم حەریفان رەد | مەنهی منالله مضلّ خیرەد
مەستان مەجاز، دیوەن، مەست نیەن | هەوا پەرستان، خودا پەرست نیەن
ژەو بادەی بێغەش خومخانەی دێرین | شێرمەرد ئەفگەن تەلخ لەب شیرین
بدەر! تا یەکجا، پاک ژگونا بووم! | مەستی، باوەرۆ، فەنا فی‌الله بووم
موسوڵمانی کەر، من تەشنەکامەم! | کافری زوهدەم موریدجامەم
فیدات بام ساقی، تەڕ زوانم کەی! | من دەردە دارەم، دەوای گیانم کەی!
ژجام تەوحید یەکجا مەستم کەی! | زەرەی نابودم، بەڵکە هەستم کەی!
بدەر بنۆشم، وەیاد مەستان! | پەنچەی ئیبلیس پێچ هەوا پەرستان
ساقی، پڕ بکەر جام یەک مەنی | بەڵکە بگزەرم. ژماو مەنی

ئێوە بە وردی بروانە ئەم شیعرەی مەلا پەریشان کەدەڵێ:

ئەی شمسّ الّضحی، ژ، تەشنەگی‌زەرد | ئەی گوڵگون قەبای مەعرەکەی نەبەرد

کەلە نێوە شیعری یەکەمدا، بە راستی هەرای کردوە، بزانن بە چ تە شبیهێکی سادەو واژەو ئەلفازی رەوان مەحبوبەکەی وەسف کردوە. (بروانە مجمع الفصحای هیدایەت و روزنامەی کەیهان ٥ شەمە ١٣٧٢/٦/٢٥ هەتاوی ژمارەی ١٤٨٦٦، ئێرەجی کازمی، گوڵزاری ئەدە بی‌لوڕستان، ئیسفەندیاری غەزەنفەری ئومەرایی چاپی ١٣٦٤ هەتاوی، جوغرافیای تاریخی و مێژوی لوڕستان، عەلی ساکی، کتێبی زانایانی کورد، ج ٢ چاپی ١٣٧٩ هەتاوی، تاران پەڕەی ١٦٠ تا ١٧٤ وکتێبی ژیناوەری زانایانی کوردلە... چاپی ١٣٦٤ هەتاوی پەرەی ٧٨٠ تا ٧٣٣ چاپخانەی مەهارەت، محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆڵ).

Dr.Saleh Ebrahimi



## بوٚ ئەدای دەین و پێ زانین سەبارەت بە زانای دڵسوٚزی کورد، ماموٚستا محەمەد سەعید ئیبراهیمی

## ماموٚستا محەمەد سەعید ئیبراهیمی (: ئاوێر)

خوالێخوشبو، ئەو زانا دڵسوٚزە پرزاناکوردیە،کە ئوسوەی عیلم و تەقوا و خوٚراگری و خوٚپاریزی و کورد و نیشتمان خوٚشەویستبو، کە بوٚ خزمەت کردن بە زمان و فەرهەنگی کوردی کتێبی گەشتیٚ لە علومی بەلاغە؛ بەیان، بەدیع و مەعانی، بوٚنوسیوین، و لە چاپی داوە کە ئەگەر روٚژێک لە زانکوٚی کوردستان ئەو عیلمە بە زمانی کوردی بخوێندریٚ ئەم کتێبە پر نرخە دەبیٚ بە دەرس بە زانینخوازان: «دانشجویان» بوتریٚ و ئیدی نیازمان بەکتێبی (جواهرالبلاغه و مطول و مختصر)ی عەرەبی نامێنیٚ و بوٚ خوٚمان ئەو کتێبە کوردی یەی ماموٚستا، بە دەرس دەخوێنین، ماموٚستا ئەو زنا پرزانا مێژوزانەیەکە کتێبی قارەمانانی نەتەوەی کوردی بە زمانی شیرینی کوردی، داناوە و لە چاپی داوە،کە لە سەرەتای تاریخەوە باسی قارەمانانی کوردی کردوە، تا دەگاتە پێشەوا قازی محەمەد و ژنرال مستەفا بارزانی، ئیحسان نوری پاشا و سمکوٚی مەزن، ماموٚستا چەن کتێبی بە نرخی دیکەشی لە زانین و عیلم و ئەخلاق و دیندا، داناوە و لە چاپی داون و بلاوی کردونەتەوە. دیارە بیرەوەران و فەیلەسوفانی کوٚمەلایەتی بیوەستان تێدەکوٚشن تا بوٚ نەتەوەی خوٚیان رون بکەنەوە و بلێن:کە ناسنامەی ئەوان چییە تا بە لاوانی کوٚمەلگای خوٚیان بسەلمێنن کە ئەوان دارای هەویەن و بیر مەندان بوٚ دوٚزینەوەی تاریخی دور و درێژی خوٚیان کوٚشاون و تێدەفکرن تا بروسکەیەک بوٚ شانازی لە مێژودا پەیدا بکەن و لێکی بدەنەوە و پەرەی پیٚ بدەن و خزمەتی خوٚیان نیشان بدەن، ئەو زانا دڵسوزەی گەل و نیشتمان، لە سەردەمی فەقیەتیداکە بوٚ فێربونی عیلم لە حوجرە و فێرگەی مزگەوتەکانی کوردەواریدا،گەراوە، هەروەها لەوکات و ساتانەی مەلا و مودەریس بووە، هەر وەکو کوٚمەلناسێک بار هاتووە و باش خەلکی ناسیوەو هەستی بە بن دەستی کورد و دیلی هەژارانی نێو کوٚمەل کردووە، جا هەر لەو سوٚنگەوە دژ بەو بارە نالەبارانە، بار هاتووە و لەباری کوٚمەلایەتی دا دژی پیاوی نالەبار و دوژمنی چەوسێنەران و لە ریا و دروٚ بێزار

Dr.Saleh Ebrahimi



بووە و بەزەیی بەگزیکاراندا، نە دەهات و فرە لە وە قەڵس بوو کە هەندێ لە تێکوٚڵ، کرە کریانەوە و کاکڵ بەسەر ناکەنەوە، گزیکاران بە ناوی دین پارو لە دەم ساویلکە و هەژاران دەرفرێنن. ماموٚستا، لای وا بوو، مروٚ دەبێ بە هەمو توانای لە ژیاندا بوٚ خزمەت کردن بە زمان و فەرهەنگی کوردی و بوٚ دابین کردنی مافی رەوای کوردی چەوساوە و ماف داگیر کراو، گیان و ماڵ و کات و ساتی خوٚی بەخت بکا، ماموٚستا؛ گەورە و گچکەی بە چاوێ تەماشا دەکرد و ریزو حورمەتی بوٚ مروٚ و مروٚفانیدا دەنا.

**بنەماڵە: ماموٚستا مەلا سەعید ئیبراهیمی** کوری خوالێخوٚشبو مەلا ئیبراهیم، کوری عارفی رەببانی حاجی خەلیفە مەلا محەمەد «بەها» ئەمین حوزوری مەلیک غازی حەزرەتی شێخ عوبەیدیلای نەهری شاهی شەمزین و کوری مەلا سەعید ـ ی گەورە، کوری حاجی مەلا عەبدولکەریم ناودار بە شیرازی [کە تەفسیر و لێکوٚڵینەوەی لەسەر ئایەتی نور نوسیوە و خاوەن و مالیکی خاوێران و دێی پیریونس Piryunes بووە کە لە بەشی ناوەندی شاری سەقز و ۲۰ کیلومتری باکوری روٚژئاوای سەقزدایە و چەند ئاشی ئاوی و دێی [کانی شێتەی] هەبووە و قەباڵە کوٚنە دەسخەتەکان بە موٚر و ئیمزای مەلا و پیاو ماقوڵی ئەو سەردەمە ماوە و لە کتێبخانەی بنەماڵە و لە کتێبخانەی (شەپوٚل) راگیردراوە] و کوری مەلا رەحیم ـ ی گەورەیە، کە بەنەسەب بە چەند پشت دەچێتە سەر قوتبەدین بن موزەفەرەدین محەمەد شوانکارەی کوردی شیراز ـ بێشک ئەو بنەماڵە زانا و زاناپەروەرە. رایەڵە و مام شەبەکەیەکی پەرەدار و پرشاخ و بەرگی عیلمیان، لەنێو خوٚیاندا ساز داوە. بو وێنە مەلا قادر سەعیدی [شاعیری کوردی وێژ، کە دیوانەکەی بە کوردی چاپ بوە و لەم دوایانەدا ببووە مودەریس و ئیمامی مزگەوتی دو منارەی شاری سەقز] نەوەی مەلا سەعید ـ ی گەورەیە، بنەماڵەی شێخانی مازوداریش لک و پوٚی ماموٚستا مەلا قارد سەعیدی‌یان، پێوەیە و هەروا بنەماڵەی زانای ناودار، بە مالا ئەحمەد لاسور «رەببانی» و حاجی مەلا عەلی رەببانی [مودەریس گوندی بوغدەکەندی لای بوٚکان] دەچێتەوە سەر ئەو بنەماڵە، هەروەها بنەماڵەی رەسول شیرازی [فێرکار لە فێرگە و فێرانگوٚکانی یانەی فێر کردن و بارهێنانی شاری سەقز] دەچێتەوە سەر بنەماڵەی حاجی

Dr.Saleh Ebrahimi



مەلا عەبدولکەریم ناودار بە شیرازی، هەروەها بنەماڵەی مەلا ئەمجەد عوسمانی خەڵکی دێی قەڵای رەسولەسیت لە سەرچەمی مەجیدخان، لەو لک و پۆیەن و [مەلا ئـەمجەد دیوانی شیعری بەکوردی هەیە]. هەروەها بنەماڵەی زاناپەروەی (شیخ الاسلامی) شاری بانە و سەلامی یەکانی شاری بانە، تار و پۆی حاجی خەلیفە مەلا محەمەد (بەها) یان پێوە دیارە و حاجی سەیید مەلا جەلال (شێخ‌الاسلامی) کە لە ۱۳۸۳/۴/۱۹ی هەتاوی لە ماڵی خۆیی لە شاری بانە وەفاتی کردوە، وێنەی حاجی خەلیفە مەلا محەمەد (بەها)ی لە چوارچێوە و قاپێ جوان گرتبو و لە تاقچەی روبەرووی جێی دانیشتنی خۆی لە مـاڵێ دای‌نابوو رێزی ئەو وێنەی فرە لابو، ئیستا ئەو، وێنە بۆ ودم هەر لەوێ ماوە. ـ هەروەها جەنابی مەلا محەممەد عەلایی ئەردەلان لە راپەڵە و پۆی مام شەبەکەی بنەماڵەی مەلا سەعید ـ ی گەورەیە.

حاجی خەلیفە «بەها» کوڕانێ زانای وەک عەللامە مەلا عەلی هەبووە، کە لەگەڵ مەلا رەحمانی برای لە شەڕی یەکەمی جیهانی لە شەری روسی تەزاری لە روداوەکانی شاری مەهاباد و ناوچەی مـوکریان لە سـالی ۱۳۳۴ مـانگی و ۱۹۱۵ی زایـینی یـەخسیر و لێرەوەیە «بەها» فەرمویەتی: [شکر لله شادمانم من به لطف بی‌نظیر ـ گشته در راه دفاع حق دو فرزندم اسیر] ماموستا مەلا سەعید لەنێو بنەماڵەیێ ئاوا پڕعـیلم و زانـا و زانـاپەروەر لەدایک بووە و پەروەردە کراوە و بەر خوێندن نریاوە.

**خوێندن: ماموستا مەلا سەعید** لە حەوت ساڵیدا، لای خوالێخۆشبو مەلا ئیبراهیم ـ ی باوکی خۆی، قورئان و کتێبە سەرەتایی یەکانی عولومی ئیسلامی خوێندەوە، لە پاشان لای باش مەلا زاناکانی کوردستان، بۆ وێـنە لای زانـای کـوردی ویـژ مـاموستا مـەلا عصامەدین شەفیعی لە شاری بوکان و مەلا حیسامەدین وەجدەی لە دێی گەورە قـەلا، لای عەللامە، مەلا مەجید ئوصولی لە سنە، عەللامە مەلا مەحمودی مـوفتی لەسـنە، و حاجی مەلا، خالید موفتی لە شاری سنەی کـوردستان...] هـەروەها عـولوم و دەورەی مەعاریفی ئیسلامی و عولومی موتەداوەلەی رۆژاوی لای ئەو زانـا نـاودارانـە تـەواو کردوە، جا لە پاشان بۆ لێکۆڵینەوە و پیاچونەوە و لێکدانەوەو تەحقیقێ زیاتر لە عولوم و

Dr.Saleh Ebrahimi



مەعاریفی ئیسلامی چووتەوە، شاری مەهاباد، لە حوجرە و فێرگەی فەریدی زەمان پڕزانا حاجی ماموستا مەلا حسێن مەجدی، پاش ماوەیەک، لای ئەو زاتە پڕعیلمە ئیجازەی ئیفتاو تەدریسی وەرگرتووە، لە ساڵەکانی ١٣٣٠ی هەتاوی تا ساڵی ١٣٣٦ی هەتاوی کە لەگوندی گێسیان لە مەرگەوەر مودەریس و ئیمامی جومعە و جەماعەت بووە، فەقێ و مەلایێ زۆر، بو فێربونی عولومی ئیسلامی رویان کردوتە فێرگەی ماموستا مەلا سەعید. لە گێسیان و فەقێ و مەلایێ باش و خوێندەواری، فیری زانینەکانی ئیسلامی کردوە و باری هێناون، زۆر لەوانە ئێستا مودەریس یا ئیمام جومعەن لە شار و دێ.

لەگێسیان لە راستیدا ماموستا ببووە موفتی و لای «سلطان العرفا حاج سید عبدالله» گەیلانیزادە و سەررانی عەشایر و خەڵکی ئەو ناوچە، ببووە مەرجەع و جێی متمانەو زۆر خوشەویست و پڕقەدر و حورمەت، بو، وەببوە جێی راوێژ و مەشوەرەت و جێی بە جێی کردنی گیر و گرفتی شەرعی وکومەلایەتی خەڵکی ئەو ناوە و لە روی کومەلایەتی و دین و دیانەتەوە، کەند وکوسپی لە رێگای ئەوان لادەدا وکار و باری بو ئەنجام دەدان.

ماموستا زانایان، دانایان، قەڵەم بەدەسان، هونەروەران، دەس‌رەنگینان، روناک‌بیران، نوسەرانی قەڵەم‌ڕەوان، زمان پاراوان، ئەویندارانی باوەڕدار و ئازادیخواز، وە ئەوانەی بە ئاواتن ژیانی هەژاران بگۆڕن و بو یەکسانی گەل و نیشتمانی کوردی، بن‌دەس لە خەباتا بون، پڕبە دڵ وگیان خوشی دەویستن و دژی چینایەتی بوو و حەزی دەکرد نەزمی و بەرزی ناواقیعی نەمێنێ و خەڵک فێری عیلم و هونەری جوراوجور و زانین و پیشەسازیو تیکنیک؛ وە فێری زانستی روژباو بین و بە پێی ئەم فەرمودە: [هەر لەسەر پشتی بێشکەوە تا دەچینە گورێچەوە، دەرس خوێن بین.] بە راستی ماموستا عاشق و ئەویندار‌ی عیلم و زانین بوو، هەر ئەوەیش وای کرد لە گێسیانەوە، رو بکاتەوە، شاری زانین‌پەروەری مەهاباد و لە مزگەوتی حاجی شارتری، بەناوی مودەریس و ئیمام و خەتیبی ئەوێ دامەزرێ. ماموستا لە شاری مەهاباد زیاتر، بەر چاوی روناک کریاوە، لەباری روانگە و تێفکرینەوە، بو سەردەمیانەکردن و نوێ کردنەوەی زانیاری خوێی، دەکوشا و تێدەفکریو بیری دەکردەوە بوگەشەسەندن و سەرکەوتن و ڕاپەڕین بە دژی

Dr.Saleh Ebrahimi



مانەوە لە لیباسێکدا. ماموٚستا لە ساڵەکانی ١٣٣٦ تا ١٣٤٢ لە مەهاباد، لە رادیو مەهاباد بە دەنگی خوٚی بەرنامەگەلێکی لە بواری کوٚمەلایەتی و مەعاریفی ئیسلامی و پێوەندی نێو کوٚمەڵ و بنەماڵە، بە زمانی شیرینی کوردی، بلاو دەکردەوە و ئوٚگردارانێ زوٚری لە خوٚ ئالاندبو و ئەو بەرنامە ببووە فێرگە و مەکتەبێ.

دیارە ماموٚستا لە مەهاباد، دەرتانێ زیاتری بوٚ هەلکەوت، تا لە تاران وەزارەتی فەرهەنگ و فێرکردنی بالا لە رێگای ئیمتحانەوە، دیپلوٚمی مودەریسی وەربگرێ و ببێتە فێرکار و ماموٚستا لە فێرگە و فێرانکوٚکانی، یانەی فێرکردن و بارهێنان، لە شاری مەهاباد ـ جا چونکە بەراستی ئەویندارێ فێربوونی علومی روٚژباو بو، خوێندی و لە رێگای کونکوٚرەوە لە زانستگەی ئیلاهیات و مەعاریفی ئیسلامی زانکوٚی تاران لە رشتەی زمانو ئەدەبیاتی عەرەب قەبوڵ دەکرێ و دوای خوێندن و تەواوکردنی دەورەی زانینگە، گەراوەتەوە بوٚکوردستان و زیاتر لە ٣٠ ساڵ تەدریس لە فێرگە و فێرانکوٚ و زانکوٚی ئازادی ئیسلامی لە شاری مەهاباد و زانستگەی پەیامی نور، لە شاری بوٚکان، سەرەنجام لە لایەن وەزارەتی فێرکردن و بارهێنانەوە لە شاری مەهاباد، خانەنشین کراوە، ماموٚستا مەلا سەعید لەبەر ئەوەی جامیعی بەینی حەوزە و زانینگە (دانیشگا) بو، هەم لە عولومی ئیسلامیدا پرزانا بوو هەم لە خوێندنی زانینگە، شارەزا و خوێندەوارێ روٚژباو، تێگەیشتو و فرە شیاو بوو. لەو سەردەمانەی مەلای مودەریس بوو دەرسی بە فەقێ و مەلایان دەدا، چەن فەقێ و مەلای باسەواد و خوێندەواری فێری عیلم کرد و ئیجازەی مەلایەتی پێدان. ـ لەم ساڵانەی دوایدا، زانستگەی ئیلاهیات و مەعارفی ئیسلامی زانکوٚی تاران ئێجازەی لە وەزارەتی عولوم و خوێندنی بالا بو مەلاکانی ناوچەی کوردستان وەرگرتبو کە لە ئیمتحانی ئەو زانستگەیەدا، بەشداری بکەن. ماموٚستا مەلا سەعید لەو ئیمتحانە بەشداری کردوە و بە پلەێ بالا، هاوسەتح و هاوتای دوکتوری لەو زانستگەیەدا قەبوڵ دەکرێ.

لەم دوایانەشدا دوٚستان بە تکا و خواهیشت بردیانە سەر خانەقای نەهری لەشاری مەهاباد و کردیانە ئیمامی جەماعەت و خەتیب. بەلام بە هوٚی نەخوٚشی چووە شاری بوٚکان، تاکورە گەورەکەی زیاتر ئاگای لێی بێ. ماموٚستا ئیسلامناس، قورئانزان،

Dr.Saleh Ebrahimi



مێژوزان، لێکۆڵەر، هەستیار، وێژەوان، نوسەر بە زمانی شیرینی کوردی، قابیل و بە توانا و کەم وێنە بوو، بەڵام خۆ بەزل نەزان، شارەزا بەگشت شاخ و لقە جیاجیاکانی عولوم و مەعارفی ئیسلامی، عولومی بەلاغە، بەیان، بەدیع و مەعانی، زانین ـ ی راز و رەمزی هونەر و ئەدەب و شیعر، چ کوردی، فارسی یا عەرەبی. بۆ نمونە بڕواننە و تاری مقایەسە بەینی ئەشعاری مەولەوی جەلالەدین بەلخی رۆمی و مەولەوی کورد. پەڕەی ٢٠ تا ٥ [مجموعه مقالات و اشعار کنگرەی بزرگداشت مولوی کرد، سقز، شهریور ٧١، چاپ تابستان ١٣٧٥، انتشارات صلاح‌الدین ایوبی، ارومیه] ئەگەر بە چاوی وردبینانەوە تەماشای ئەو هەڵسەنگاندنە بکرێ، وردبینی و لەکارزانی بە عیلمەکان و جوان‌ناسی و زەرافەت‌ناسی کەلام، باش دەردەکەوێ کە ماموستا عیلمەکانی بۆ بووەتە مەلەکە، بوێ دەتوانێ ئاوا ئاسان راز و رەمزی شیعر و کەلام ئاشکرا بکا و خەڵک فێر بکا.

ماموستا قسەزان، قسەرەوان و زمان پاراو بو، لە راستیدا بێژە و فەرهەنگی موتەحەریک و پەرلان و کتیبخانەیەک بو. ـ جا ئەوەیە دەبێ بڵێین، ماموستا، رەحمەت و بەرەکت بو، دیارە «شەپۆل» و تەنی: «هەرکەسێ عیلم و زانین بەدەس بێنێ ـ رەحمەت و بەرەکت بەسەر خۆیدا دەبارێنێ.» ماموستا کورد و نیشتمان و زێدی خۆی زۆر خۆش دەویست و فەقێ و زانینخوازەکانی خۆی بۆ خزمەت کردن لەو رێبازە، فێر دەکرد و باری دەهینان و دەی فەرمو: سەرهەڵدانی تیکنۆلۆژی، پێوەندی‌یەکان و راگەیاندن، دنیای ئەمرۆ دەگورێ. دەبێ تێبگەین کە دنیا بەرەو مودێرنیتە دەکشێ و بەرتەسک دەبێ و وێکدێ و دەبێتە گوندێ یا وێترێنێک جا ئەوەیە، پێوەندی و هەواڵ و نوچەکان زۆر بە پەلە پێک دێن و بڵاو دەبنەوە، **سا دەبێ خۆمان بەزانستی رۆژاوا تەیار بکەین، دەنا وەدوا دەکەوین.**

ماموستا زانایێ بە غیرەت، ئینسان‌دوست، دڵسۆز، نوکتەزان، بوێر و خوو ئاکار چاک و پاک و بێ‌خەوش و پرحیکمەت بو، ژیرانە لەگەڵ خەڵک و دەروجیرانی‌دا بێ تەوەقوع و خۆ بەکەم‌زان، رەفتاری دەکرد، ماموستا دەیزانی دنیاکۆڕاوە، وەک جاران نەماوە، ئەوانە لەسەر هزری ماموستا زۆر شوێنی دانابوو، جاهەر لەبەر ئەوە بوو، خۆی لە مەلایەتی یەوە، گەیاندبووە، زانکۆ،ماموستا، فرە حەزی لە جلکی کوردی بوو و شانازی

Dr.Saleh Ebrahimi



پێوە دەکرد، چون لیباسی کوردی بە لیباسی نەتەوەیی و نیشتمانی، دەزانی، زۆر بە شادمانی‌یەوە لەبەری دەکرد، هەرچەند کاربەدەستانی نامۆی حوکومەتی، لەیانە و لە فێرگە و فێرانکۆکاندا بە موڕ و موّنە وە سرنجیان دەدا، بەڵام لە تاران لە زانکۆکوّت و شەڵواری لەبەر دەکرد و کراواتی دە بەست. باشە بزانین: کە خوالێخۆشبو مەلا ئیبراهیم - ی باوکی ماموّستا مەلا سەعید - ی ئیبراهیمی محەممەدی لە رۆژی هەینی ١١/٣ ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی لە تەمەنی ٦٨ ساڵیدا لە شاری فەرهەنگ و زاناپەروەری مەهاباد، وەفاتی کردوەو لە تاقەداری شاری مەهاباد، نێژراوە و دیوانی شیعری بەکوردی هەیە و هەندێ لە شیعرەکانی بەکوردی لەکتێبی (پارانە وە) بەناوی مەلا ئیبراهیمی موکری ئامادەکردنی خانم (ئامینە عەزیزی) پەرەی ٢٩، چاپی ساڵی ١٣٨٠ی هەتاوی لە چاپ دراون و بڵاوکراونەتەوە - کە لەکومەڵەی (ژێکاف» نازناوی [خیرەد] یان پێی دابو - عارفی رەببانی حاجی خەلیفە مەلا محەممەد (بەها) ئەمین حوزوری مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلای نەهری شاهی شەمزین لە ساڵی ١٣٥٤ی مانگی لە ٨٣ ساڵیدا لە شاری مەهاباد وەفاتی کردوە و لەنێو خزنی شێخ مەحمود (شەهید - کە لە ١٣٣٣ مانگی لە شەری روسی تەزاری شەهیدکراوە) لە بنەماڵەی (ساداتی نەهری) لە نێزیک شەقامی جامی‌جەم لە شاری مەهاباد موکری نێژراوە (قدس سرهم) لەکتێبی تاریخ مەشاهیری کورد نوسراوی عەللامە بابا مەردوخ رۆحانی «شیوا» جەڵدی دوەم، پەرەی ٢٢٢، چاپی سروش، ساڵی ١٣٦٦، تاران، شەرحی حاڵی باپیرەی ماموّستا مەلا سەعید ئیبراهیمی نوسیووەو لە زانایی‌و دانایی ئەو زاتە، بە وردی دواوە و غەزەلێکی بەکوردی، ئەویشی لە چاپ داوە کە سەر شیعری **عەزەلەکە** بەم شیعرە دەس پێدەکا: «**نیگاری**»:

**نیگاری مەهوەشی زیبانیقابی شەرمی لاداوە**

لە شوّری عاشقان ئەمرۆ دەڵێی مەحشەر هەڵتاوە

هەروا شەرحی حاڵی ئەو زاتە، لەکتێبی «تاریخ، فرهنگ و ادب موکریان» جەڵدی یەکەم پەرەی ١٩٣ تا ١٩٩ چاپی ١٣٦٤ نوسراوی میرزا ئیبراهیم - ی ئەفخەمی‌دا هاتووە و هەروا شەرحی حاڵی حاجی مەلا ئەحمەد ناودار بە «عارف» براگەورەی:

Dr.Saleh Ebrahimi



(بەها)، لە کتێبی «شاعران پارسی‌گوی - تالیف سید عبدالحمید حیرت سجادی چاپی ساڵی ١٣٧٥ پەرەی ٥٣١ لە چاپ دراوە و هەروا، لە کتێبی ویژە و ویژەوانی کورد، نوسراوی سدیق بۆرەکەیی، پەرەی ٥٠٣ چاپی ١٣٧٠ بەناوی مەلا ئەحمەد ـ ی عارف هاتووە و هەندێ لە شیعرەکوردی یەکانیشی لەچاپ داوە - خوالێخۆشبو حاجی سەلیمخان «سهام‌الملك خەت خۆشی ناودار» لە بەگزادەکانی بوکان، لە سەفەرنامەی حەجی خۆیدا، زور بە چاکە، باسی زانایی و دانایی حاجی مەلا ئەحمەد «عارف» و حاجی خەلیفە محەممەد (بەها) ئەو جوتە برایەی کردوە و نوسیوەتی: لە ساڵی ١٣١٠ی مانگی لە مەکە و حیجاز حاجی مەلا ئەحمەد (عارف) کوڕی مەلا سەعیدی گەورە، بە نەخۆشی وەبا وەفاتی کرد و لە (جنةالمعلی شعب نور) نێژراوە، کە لەو ساڵەدا ئەو دو برایەیانی (حاجی مەلا ئەحمەد - «عارف» و حاجی خەلیفە مەلا محەممەد «بەها») لە شاری «مەکە» لە حەج بون. حاجی خەلیفە مەلا محەمەد برای «عارف» لە مادە تارخ وتندا دەسێ باڵای هەبووە، لەم شیعرەدا دەڵێ:

[بر دیدەی عیش گشت یک خال پدید - شد سال تاریخ فوت [احمد ابن السعید] کە بە حیسابی ئەبجەد دەکاتە ١٣١٠ی مانگی، نەقڵ لە کتێبی ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی یاگەنجینەی فەرهەنگ و زانست بەقەڵەمی (شەپۆل) - پەرەی ٥٩٣ - چاپی ١٣٦٤ی هەتاوی - چاپخانەی مەهارت تاران. بەڵام چونکا ئەو نوسە رە بەرێزانە لە روی رۆژنامەی کوردستانەوە، شەرحی حاڵی (بەها) یان نوسیوە، بەداخەوە تاریخی حەیات و مەماتی (بەها) بە هەڵە نوسرابو و ئێمە راستمان کردوتەوە. - [روژنامەی کوردستان لە ساڵەکانی ١٣٣٨ تا ١٣٤٢ی هەتاوی بە وێنەی حەوتانە لە تاران لە چاپخانەی ئەختەری شومال لە چاپ دەدرا و لە ئێران بلاو نەدەکراوە.] - پرزانا: عەلائەدین سەججادی لە کتێبی مێژوو ئەدەبی کوردی ژمارەی ١٦ دەنوسێ: حاجی مەلا ئەحمەد «عارف» هاوچاخی شێخ رەزا تاڵەبانی بووە و دیوانی شیعری بە کوردی و فارسی هەیە، ئەمەکە **ماموستا مەلا سەعید ئیبراهیمی** لە نێو بنەماڵەیەکی ئاوا عالەم و زانا و زاناپەروەر لەدایک بووە و پێ‌گەییوە و پەروەردە کراوە، بە لانی کەم بەو بێ ئیمکاناتەی

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەو رۆژگارە، کە **توانیویانە پێ بگەن، وتێبگەن کە دەبێ بە زمانی شیرینی کوردی شیعر بڵێن و بە زمانی کوردی خزمەت بکەن، جێی شانازی و لێکۆڵینەوەیە**، کە بزانین کە نەتەوەی نەجیب و دابەشکراوی کورده لە **رێگای پاراستنی زمانی کوردی توانیویەتی خۆ رابگرێ و لەنێو کورە و سۆبەی گرداری داگیرکەران دا سەر بڵیند بمێنێ و نە تاوێتەوە.** خوا هەمویان غەرقی رەحمەت و بەرەکەتی خۆی بکات.

ئەمەیش ناوی نوسراوە چاپکراوەکانی ماموستا مەلا سەعید ئیبراهیمی:

١ ـ گەشتێ لە عیلمی بەلاغە، بەزمانی کوردی لە ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لە تاران چاپخانەی مەهارەت چاپ و بڵاوکراوەتەوە و قسە لە عیلمی بەلاغە، عیلمی مەعان و عیلمی بەدیع و جوانناسی لە کەلامدا دەکات.

٢ ـ کتێبی قارەمانانی نەتەوەی کورد، بە زمانی کوردی چاپی ١٣٨٢.

٣ ـ آشنایی با تحولات مذاهب اسلامی: امام اعظم، امام مالک، امام شافعی، امام احمد حنبلی، اشاعره، معتزله، ماتریدی و... چاپخانەی شمشاد، تاران چاپی ١٣٦٤. ئەم کتیبە لە لایەن حاجی ماموستا قازی خزری، «قاضی خضری» ئیمامی جومعەی شاری شنۆ و چەند مەلای گەورەی دیکە، تەعریف و تەحسین کراوە و ئافەریننامەی بۆ نوسراوە.

٤ ـ (الوضع و الاستعاره و رساله العضدیه) چاپی ١٣٧٨ نەشری رەهرۆ مەهاباد، کە بە فارسی شەرحی لێکردون تازانین خوازان باشترو ئاسانتر بەو زانستە ناسیاو بن. ـ چاپ نەکراوەکان:

٥ ـ اصول فقه اسلامی.

٦ ـ تەرجمەی کتێبی تعریفاتی جورجانی لە عەرەبیەوە بۆ فارسی.

٧ ـ ریسالەیەک لە عیلمی نەحوداکە لە دانشگای ئازادی ئیسلامی شاری مەهاباد، خۆی تەدریسی کردوە.

٨ ـ تەرجەمە و تەجزیە و تەرکیبی دە سورە لە قورئان، بە شێوەی نوێ بۆ زانینخوازان کە لە زانکۆی ئازادی ئیسلامی شاری مەهاباد خۆی تەدریسی کردون.

٩ ـ مەجموعەی کامیلی تێستی کۆنکۆری تایبەتی گوروهی «٢» چاپی ١٣٤٨، تاران

Dr.Saleh Ebrahimi



کتیب‌فرۆشی شەرق. ـ ماموستا بە نوسینی ئەو کتێبانە، ویستویەتی تاریخ، زمان و فەرهەنگ و دین و بیروباوەری کوردبونی خۆی و رەگەزی نەتەوەی کورد، بە نوسین بە زمانی کوردی، بپارێزی.

١٠ ـ چەن وتار و مەقالە کە لە کۆنگرەی فەرهەنگی و عیلمی شاری ئیلام، تاران، سنە، سەقز، ورمێ، مەهاباد، بۆکان و مەریوان بە شداری کردوە و ئەوانەی خوێندوتەوە و هەندێکیان لە گۆڤاری سروە لە ژومارەکانی «٧٧/١/٢٩ و ١٣٧٦/٣/٧» و لە مەجموعە مەقالاتی کتێبی بوزورگداشتی مەولەوی کورد، ئینتیشاراتی سەلاحەدین ئەیوبی، ورمێ چاپی ١٣٦٧ و چاپی وتار لە کتێبی کوردستان و تەوسیعەی فەرهەنگ، چاپی ١٣٧٣ زانکۆی کوردستان، سنە. ماموستا مەلا سەعید ئیبراهیمی محەمەدی کوڕی مەلا ئیبراهیم لە ١٣١١/٣/٣ی هەتاوی لە شاری مەهابد لە دایک بووە. [دایکی ناوی زوبەیدە خاتون قەدەمخێر و لە هۆزی شێخ سمایل گەلباغی یە] و لە سەعاتی دەی هەینی لە رۆژی ١٣٨٣/١/١٤ی هەتاوی و ١٤ خاکەلێوەی ٢٧٠٤ی کوردی و ٢٠٠٤ی زاینی لە ماڵی خۆی لە شاری بۆکان وەفاتی کردوە و نێژراوە و شاعیرانی کوڕی **«ئاسۆ»** بە شیعری کوردی لە مزگەوتی شاری بۆکان لە پرسەی ئەو زانایە، شینیان بۆ گێڕا، وە هەر وەها ماموستا مەلا محەمەد علائی قسەی کرد و زۆری قسە لە زانایی و خزمەتە عیلمی یەکانی ماموستای رەحمەتی کرد. وە هەروەها لە شاری مەهاباد لە خانەقای نەهری لە رۆژی شەمە ١٣٨٣/١/٢٢ و ئاوریلی ٢٠٠٤ ز ـ کاک ئەحمەد قازی لە پرسەی ئەوزانایە زۆری تاریف، لە خزمەتە فەرهەنگی یەکانی، بە تایبەت لە کتێبی گەشتێ لە عیلمی بەلاغەی کرد و کۆڕی فەرهەنگی و شاعیران لەوێ بە شیعرئاه و داخی خۆیان دەربری و تاریفی ماموستا مەلا سەعیدیان کرد و شینیان بۆ گێڕا و لە تارانیش لە مزگەوتی ئەبوڵفەزل کە پرسەی بۆ دانرابوو، ئازادی ئیبراهیمی و تاریکی لە بابەت ئەو زانایە خوێندەوە و چەند کەسی دیکەیش قسەیان کرد و لە شاری سنەی کوردستانیش لە لایان محەممەد ـ ی برای کە ئێستا لە شاری کوردستان لە زانکۆ دەرس بێژە و لە لایەن خزمانەوە: کاک ئەنوەر سەعیدی و جەنابی ماموستا مەلا محەممەد عەلایی ئەردەلان و

Dr.Saleh Ebrahimi



جەنابی جەلال فەهیمی یەوە، سەرەخۆشیان لە مزگەوتی خالد بن ولید بۆ دانابوو. ئەم وتارە کە لە حەوتەنامەی سیروان بە زمانی کوردی لە ژمارەی ٣٠٦ ساڵی حەوتەم ١٣٨٣/٩/١٢ لە چاپ دراوە، وەفاتی ئەوزانایە، بە هەڵە ١٣٨٢/١/١٥ نوسراوە.

شیعری ئاسۆ، هەستیاری پڕ هەست و ناسک خەیاڵ بۆ کۆچی دوایی ماموستای پڕزانا مەلا سەعیدی ئیبراهیمی (ئاویر)

هـــەواڵێکـــی دڵ تـــەزێـــنە خـــەفەت هێـــن شـــادی بـــەزێـــنە

ئـــالەم وەرزی ســـەرهەڵدانـــە بـــەجێ هێشـــتن زۆر گـــرانـــە!!

گـــوڵان لەبـــن خـــاک هـــاتنە دەر لە کێـــو و لە کـــەژ لە دەشت و دەر

بـــەڵام بۆ تۆ دەچـــیە ژێـــر خـــاک ئەی بڕوا پاک و خەسڵەت چاک!!!

**خـــاوەن قـــەڵەم دڵسۆزی کـــورد** ڕاهـــــنوما بۆ درو شت و ورد

تـــو بۆ وەڕز بـــووی لەم دنـــیا لەم دنـــیای پڕڕەنگ و ریـــا؟

خۆ دونـــیای دەرونـــی پـــاکت پڕ بـــوو لە پـــاکی وەک خـــاکت

**تۆی دڵداری شـــیعر و هـــەڵبـــەست قـــەڵەم پڕ جـــەوهەر و مـــەبەست**

تـــا دوایـــین هـــەناسەت کـــاکـــە! هـــەر دەتـــنوسی بۆ ئـــەم خـــاکـــە!!

ئـــەی بۆ لەم وەرزی بـــای وادە ســـاز بـــوو، ئـــەم کـــوچە نـــاوادە؟

ویســـتت بـــچیە لای حـــەقیقی لای «ســـەید کـــامیلی» ڕەفـــیقی

لە خـــــوا داوا کـــەن ئـــازاد لە دەست بێ عـــەدڵی و بێـــدادی

لەو دونـــیاش وێـــکـــرا بـــە کۆمـــەڵ لەو دونـــیای بـــە دور لە گۆنگـــەڵ

لەو دونـــیاش وێـــکـــرا بـــە کۆمـــەڵ لەو دونـــیای بـــە دور لە گۆنگـــەڵ

**مـــاموّســـتای بـــەلاغی و زانـــام مـــەلا سـەعید! ئـەی مـاموّسـتام!**

دڵنـــــیام نـــەمردوی مـــاوی بـــە ڕوح لامـــان ڕاوەســـتاوی

**کـــەسێ وەک تۆ خـــاوەن شـــعوور بـــو شـــاگـــردان ســـەنگی ســـەبوور**

خـــاوەنی دەیـــان شـــوێـــنەوار کـــە هـــەر پـــەریـــان دێنێ هـــەزار

هـــەرمان چـــرای بوّدا دێـــرێ چوّن مـــــردنی پێ دەویـــرێ؟

Dr.Saleh Ebrahimi



تۆ چون قەڵەمت وەک چرا — بۆ گەل و بۆ خزم و برا
لە تاریکی شەوگاری سارد — پەیامت بۆ هەتاو ئەنارد
دڵنیا بە لەو دونیای دیش — لەو دونیای پڕ لە روئیای دیش
**هەر وەک ئێستا فیکری پاکت — ڕوونی دەکا کێڵگە و خاکت**
چاو لە دورە پڕ قیمەتە! — «دونیا مەزرای ئاخیرەتە»
من دڵنیام بە دڵ گیانە — حەشرت دەگەڵ پیاو چاکانە
چون نووسەری قەومی بێکەس — فریاد، دەکەوێ فریارەس
دڵنیام لەوێش ئامادەن — هەر داوێنی خودا بادەن
ئاسۆی ئەم گەلەمان ڕوون بێ — دەربەدەری تووناو توون بێ

«ئامین» بۆکان ١٤/١/٨٣ محمد سعید نجاری ئاسۆ

بۆ زانای بەڕێز و خۆشەویست جەنابی ماموستا مەلا سەعید ئیبراهیمی (ئاوێر):

برای ئەدیب و زانا و بەئیمان — ئای ئیبراهیمی مەلا سەعید گیان
هەسوێنی عیلمیت گەلێک بە جێ هێشت — تاڵی و سوێر یەکی یەکجار، زۆرت چێشت
خامەت دەگەڕا لەروی زانست — وەدەری دەخست، مەبەست و هەست
لەسەر تەدریس و تاقیق ببوی سور — گەشتێ بەلاغەت، دەدرەوشێ وەک نوور
تەحەوولاتی مەزهەبی عامت — ئاشنای کردن، عالەم بە نامت
قارەمانانی نەتەوەی کورد — کوردی دەنوێنێ، بە بیری وردت
مەقالەی بەرزی بیر و بۆچونت — بە فیڕۆ، نەچو دەورانی بونت
لە دنیا ڕۆیی بەکەڵک و مایە — عومری درێژت، نەدا بە زایە
کۆڵەبارت برد گەلێک بە جوانی — ئەگەر نەیش ماوی هەر لە نێومانی
لەبەر ئەدەب و وەفا و لێزانی — وێنەت نەخشاوە و لەبەر چاوانی
ئاسەوارەکەت، تووی دەست چێنە — ئەسپارد و مانی، بە خودای بێوێنە
«هیوا» بە وەفات هەر وەفادارە — لە زوڵم و زۆری نەیار بێزارە

مەهاباد ـ «هیوا» ـ ٢٢/١/٨٣ کوچی هەتاوی

Dr.Saleh Ebrahimi



# پاوە: Pawah

پاوە شار و شارستانیٚ لە ئوستانی کرماشان، پاوە لە باکوری غە ربی ئوستانی کرماشان، دایە، لە باکورو باکوری رۆژهە لاٚتیەوە بە شارستانی مەریوان و لەباشور و باشوری رۆژ هەلاتیەوەبە شارستانی جوانرۆ، وەلە رۆژاواوە بە کوردستانی باشوری یەوە لکاوە (جەعفەری، دایرە تولمە عاریف...، ٢۴٥). شارستانی پاوەلە چوارشار-ی پاوە (ناوەند)، باینگان، نودشە و نە وسود پیٚکٚ هاتووە و دارای ٣ بە شی ناوەندی یەو (داگری دیهستانە کانی هولی، شمشیٚرومە نسوراغایی)، باینگان (داگری دیٚهستانی: ماکوان، کلاشی و شیوە سەر) و نەوسود (داگری دیٚهستانی سیروان) و شرامە، (نە شریە...، ۴٦).

شارستانی پاوە سە رزەوی یە کە کوٚیستانی کە دارای کیوٚی بە رزوبلٚیندە، بوٚویٚنە شاهوٚکە ٣٣٩٠ میٚتر بە رزە ویە کیٚ لە بلٚیندترینی کیٚوە کانی زاگروٚسە «زە گروتیٚ»، (جەعفەری، کیٚوە کان...، ٣٥٧، هەروا فەرهەنگ...، ٣٢). چیای تەخت، ٢٨٥٠ میٚترچیایٚ بەرزە، چیای دەربەند: ٢٧٧٠ میٚتر بلٚیندە (جەعفەری، دایرەتولمە عاریف، هەرئەویٚ)، چیای ئاتە شگا: یائاگردان: ٢۴٨٥ میٚتر بەرزە و بەسەر بەشی باشورو باشوری خوٚراوادا، دەروانیٚ وکیٚقی ماکوان: ٢٦٣٠ میٚتر بلٚیندە (فەرهەنگ، هەرئەویٚ).

شارستانی پاوە بە کیٚوی ئوتەلە بەشی بایینگان کە ٢٢٢٠ میتر بەرزەوکرن لە بەشی ناوەندی کە ٢٣٢١ میتر بەرزەو گاوەل لە بەشی ناوەندی کە ٢۴٢٥ میٚتر بە رزەو گزن لە بەشی بایینگان کە ٢٣٣٠ میٚتر بە رزەو گولٚ و گولاٚن لە بەشی ناوەندی کە ٢٣١٥ میتربەرزەو یوراش لەبەشی ناوەندی کە ٢۴٦٥ میٚتر بەرزەو دوندی نانوٚیژ(ن) لە بەشی ناوەندی کە ٢٣٢٠ میٚتر بەرزە. هاوینان فیٚنکە و بەزستانان سارد (ئامارنامە...، ١٠). کیٚوە بەرزە کانی ئەو ناوچە، کە؛ بای تەڕو نمناکی غەربی بە سە ریاندادیٚ و دەروا، بوٚتە هوٚکە بەفرو بارانیٚ باش لەو ناوە بباریٚ و چوٚمە ئاو و چوٚمەلٚە و جوٚگە و روٚباریٚ فرە لەو ناوچەی پاوەدا پەیدا ببیٚ، بوٚویٚنە: ئاوی لیلە کە لە کیٚفی زیلان سەرچاوە دە کریٚ، مرەخیل، چەمی پاوە یا گلال دەرە یا (ئاوشمشیٚر) کە لە شاهوٚ سەرچاوەدە گریٚ کەدە رژیٚنە ناو ئاوی پڕهاژە و گەورە و بەخوڕی سیروان. ئاوی سیروان کە بە تیکلاوٚی ئاوی گاوەروٚ و چەمی قشلاٚخ لەناوچەی سنە سازدریاوە، دوای ئاودانی بەشگەلیٚ لەخاکی

پاوە، بەخەتی سنوری دەسکردی کوردی ئەم دیوئە و دیو، دانـراوە و لە عـیراقـەوە دەرژێتە چۆمی دیالە (فەرهەنگ، هەرئەویّ). هەروا ئاوی هواسان، زیمکان و ئاوسپی بەرگ (جەعفەری، چومەکان...، ٤٩٨). غاری جوانی کاوات کە ئەوە بە گـەورەترین غاری ئاوی جیهان و درێژترینی غاری کوردستان دا نراوە و لەشیوو دوڵی قوری قەڵا بە قوولایی ٣١٤٠ میترە و لە داوێنەی کێوی شـاهۆ، دایـە. ـ (فـەرهەنگ، هـەرئەویّ، ئەفشار، ١/١١٦) و هەندێ ئەم غارەیان بـە عـەجباتی تـەبیعەت و خۆرسکێ دانـاوە (سەنەندجی، ٤٩). لەسەر ژماری ١٣٧٥ هەتاوی حەشیمەتی شارستانی پاوە بە (٩١٨، ٦١) کەس هاتوّتە ژمارکە ٢٩/٤١٪ لەشارەکانداو ٧١/٥٨٪ لە دێیەکـاندا، ژیـاون (سەر ژماری...، شانزدە)، لەبەر ئەوەی شارستانی پاوە زیاتر چیاوکێوە بوّکشت و کاڵ و جوتوگا، ئەوەندە شیاونیە، خەڵکی ئاوایەکان ناچارن، گەنم و دانە ویڵەی خوّراکـی خوّیان، لە شارەکانی دیکەوە دابین بکەن. بەڵام شارستانی پاوە بـاغ و بـاغاتی مـیوەی زوّرە، وەکو: سێو، هەرمێ گولاوی، هەنجیر، گوّیز، هـەنار، تـو،تـرێ و هـەڵوچـەو... (ئەفشار، ٢/١٥٢١). ـ بە تایبەت هەڵوچە رەشەی کوردستان بە هەڵوچەی پاوە، ناسراوە (سە نە ندەجی ٤٨-٤٩)، خەڵکی پاوە بیجگەلە باغداری و کشت و کاڵ، ئاژاڵداریشن و ئاژاڵ پەروەردە، دەکەن و ژنان و پیاوانیش کاردەسی دەکەن، وەک مەرزو خوری و بەرگن و مورستن، کلاش چنین، جاجم و جانماز و بـە رمـاڵ، لبـادسوّن و گوّرەوی و دەسکێش و پوزەوان چنین. خەڵکی شارستانی پاوە کـورد زمـان و سـوننی و شـافیعی مەزهەب و ئەهلی حەق: یاری و یارسانن و بەزاراوەی هەورامی «گوّرانی» و جافی قسە دەکەن و بەزمانی کوردی باو فرەجوان قسە دەکەن. (جـوغرافـیا...، ١/٤٠٥، تـابانی ٤٢٣). تیرەگەلێ لە خێڵی گەورەی جاف لە شوێنی جـیاجیای شـارستان پـاوە دەژیـن (فەرهەنگ، ٣٣، ئەفشار، ٢/١٢٧٣). ـ لەپـاوە بـاڵنـدەی کێـویوەک خـاسەکـەو، زرەکەو، هەوێردە، قاز، مراو ی، شەمشەمەکوێرە، بزنەکێوی، مەرەکێوی چنێـر چمێ کەمتیار، گورگ، کەروێشک، ورچ، سنجاو، پڵینگ، ئاسک، مامز، کارمامز، ئاسکوّڵ و... هەیە ولە نیوّدارسانی پاوەدا دەژین.

**گرینگترین ئاسە واری شارستانی پاوە ئەمانەن:** گڵکوّی کوّسەی هەجیج کە زیـاترلە

Dr.Saleh Ebrahimi



٩٠٠ ساڵە لەدێی کۆسەی هەجیج نێژراوە و خەڵک سوێندی پێی دەخون و دەڵێن: بە کۆسەی هەجیج نە مبردوە ناوت. **ئاوایی هەجیج لە راستیدا مەدینەی فازیلە یە، ئائێستالە وێژن تەلاق نەدراوە و خەڵکی لە نێوخۆداکەسیان بە دەس نەکوژراوە و قڕەیان لەگەڵ** یەکدا نە بووە، دیارە حوکومەتی مرۆکوژی ئێران و تورکی عوسمانی و عەرەب شەڕی بەوان فروشتووە و کوشتاریان لێ‌کردون (ئەفشار، ١/٤٩٨، فەرهەنگ، هەرئەوێ)؛ زیارەتگای سوڵتان ئە بوئیسحا قیش‌لە ٤ کیلۆمێتری شاری نەوسود، هەیە (هەرئەوێ **٣٣-٣٤**). ـ شاری پاوە: ئەم شارەکە ناوەندی شارستانی پاوەیە لە **٤٦**° و **٢٢**´ درێژی خۆرهە لاتی‌و **٣٥** وە **٣** پانتایی باکوری (مەفەخەم، ١/٨٦)، و لە **١٢٤** کیلۆمێتری باکوری رۆژاوای کرماشان (ناوەندی ئوستان)، لەسەر رێگای ئەسڵی کرماشان ـ پاوە ولە بەرزایی **١،٦٠٠** مێترلە تەختێ دەریادایە و کێو و چیای ئاتشگا (ئاگردان) لە باشور و باشوری رۆژاوای پاوە دایە، شاری پاوە لە باری کەش و هەوایی، ساردی مەیل بە ئیعتیدال و نیوە نمناوی یەو دەوروبەری پاوە پڕە لەداری بەلوت، ئەرژن = arzan: گیاه و درەختچە یەکە Amygdalus (لا) لە دەسەی بادام و لە تیرەی ئەوانەیەکەگوڵیان سورە و جۆرا و جۆرن،کە لە جێی ویشک دەروێ و لە پاوە و ناوچەی بەختیاری دەروێ، ئەرژەنگ دارێکە، لە داری ئەرخەوان ئەکا.، بنە، هەرمێ‌کیوپلە، هەنجیرەکێویلە و دارە گزیچار،وەن، ئالو بالو، مازو، گێوژ، گاوزمان، شیرین بەیان، رازیانە، خاکشیر، رێواس، قارچک، کەنگر، گوێنی کەتیرە، گوڵی خەتمی، سوسەن، (فەرهەنگ، ٣٤). باشە بلێین: ئەو باغە مێوە بە قازانجە و دارە رازاوانەکەی تادوندی کێوەکان، بەرە و ژورهەڵکشاون، روانگایێ فرە جوان و سەرنج راکێشی لەو شارە بەدی هێناوە (سوڵتانی، ١/٥٢).

**حەشیمەتی پاوە،** حەشیمەتی شاری پاوەلە **١٣٧٥** هە تاویدا (**١٦،٩٩٧**)کەس بووە کە زۆر بەیان لە هۆزی جافن، وەک حەسەنخانی، مستەفا سوڵتانی و فەتحعەلی بەگی. زەردویی **٦٤٢** کەسن، کەسن، بارام **١٤٣** کەسن و کادەشتی **١٠٩٣** کەسن، تایجوزی، ئیناخی، مەزرانی و دەودانی. (سە رژمارەی ٤٢). هەروەکومێژو نوسیویەتی پاوەکە عەرەب بە فاوەج ناوی بردوە (سەنەندەجی، ٤٨؛ مەردوخ، ٢/٧٨) پاوە؛ لەناوی پاو یا باو سە رداری شەڕوانی یەزدی‌گورد-ی سێوەم ئاخرین پاشای ساسانی گیراوە. (پورکە

Dr.Saleh Ebrahimi



ریم، ٨؛ سه‌نه‌نده جی، ٨٤).

**پێشینه‌ی مێژویی:** شاری پاوه، به‌ناوه‌ندی ناوچه‌ی هه‌ورامان دێته ژمار، گه‌وره بنه‌ماڵه‌کانی هه‌ورامان لایان وایه به‌ره‌گه زوره‌گاژۆ ده چنه وه سه‌ر تێهمورسی کیانی، پاشای **ئوستوره‌یی کوردی مادومانا** (ئێدمۆنـدز، **١٥٣**). له مێـژودا نـوسراوه تێگلێت پیلسێر (حک **١١١٥-١١٠٠**) به‌رله زایین پاشای ئاشۆرله هێرشێکدا بۆ سه‌ر ده‌ریاچه‌ی وان و شه‌ڕله‌گه‌ڵ کورداندا. شه‌ڕی به ناوچه شاخاوی‌یه‌کانی هه‌ورامانیش فرۆشتووه و ئه‌وانیشی توشی که‌ندو کۆسب کردوه. (سوڵتانی، هه‌رئه‌وێ).

له‌شۆێنه واره مێژویه‌کانی هه‌وران چه‌ن (پارچه پێسته) کـه بـه یـونانی له‌سـه‌ر یـان نوسراوه که مێژویی، یه‌کێ له‌وانه ده‌گه ڕێته‌وه بۆ ئه‌وڵی بـه‌ر له‌زایـین (پـیگولوسگایا، ١٢٨،١٣٧) له‌سه‌ر ده‌می عومه‌ر بن خه‌تتاب خه‌لیفه‌ی دووه‌می ئیسلام (**١٣-٢٣** مانگی و **٦٣٤-٦٤٤**ز) له‌و سه‌ده‌مه ی‌داکه یه‌زدی‌گوردی سێوه‌م له‌راست هێرشی شه‌ڕوانانی عه‌ره‌ب له مه‌داین پێته‌ختی خوی به‌ره و کرماشان ڕۆیی؛ سه‌رداری جـه‌نگی خـوێـی به‌ناوی (پاو) بۆ ئـه‌وه‌ی **کورده‌کان پشێوانی لێبکه‌ن؛ ناردیه لای سه‌رداراني کورد**، پـاو چووه که‌ناری چۆمی سیروان و چووه نێونه ته‌وه‌ی کوردوداوای لێ‌کردن تا یـارمه‌تی پاشای ساسانی بده‌ن، تا عه‌ره‌ب نه‌توانێ نیشتمانمان داگیر بکه‌ن، سه‌ر دارانی کوردیش چون به هاوارو بانگی یه‌وه، (پاو)گوندێ که به‌ناو ئه‌وکراوه؛ (پاو) ئاگردانێکی له‌سه‌ر کێقی‌ که ئێستا به ئاته‌شگا ناوداره، سازدا (سه‌نه نده‌جی، **٨٤-٨٥** - سی‌یه‌ر ئه‌کراد) که وێرانه‌کانی ئه‌و ئاگردانه، هێمان هه رماوه، له‌کاتی هێرشی عه‌ره‌ب بۆ ئـه‌وناوچه یـه، ئاگردانی (پاویا پاوه) فره‌به ناو بانگ بووه (ره‌شید یاسمی، **١١٩**)، حه‌ڵکی پاوه لایان وایه؛ دو قه‌ڵای (دژو پاسگه) که شوێنه واریان هێمان ده بیندرێـن، جێماوی بـورج و سه‌نگه‌ری (پاو) ن‌که‌له‌کاتی خوێدا له‌و ناوچه سازدراون. هه‌روا خه‌ڵکی ئه‌و ناوه ده‌ڵێن: له نێزیک شاری پاوه شوێنێ هه‌یه‌که ئێستابه (جه‌نگه) ناوداره، که له‌وێوه کورده‌کان و (پاو)،: سه‌ردار و سپاسالاری یه‌زدی گـوردی سێـوه‌م، له‌گـه‌ڵ سـه‌عد بـن ئـه‌بی‌وه‌قاز شه‌ڕوانی سه‌رداری عه‌ره‌ب جه‌نگیان کردوه (پورکه ریـم، هـه‌رئه‌وێ). له‌ورقـی ٢ب

Dr.Saleh Ebrahimi



ده‌سخه‌تی میژوی کوردستان نوسراوی عه‌بدولقادر بن رۆسته‌م بابانی، نوسراوه: له زه‌مانی خه‌لیفه‌ی دوه‌م عومه‌ر بن خه‌تتاب عیراقی عه‌ره‌بی خسته‌بن ده‌س خوی و یه‌زدی گورد، بن ئه‌نه‌وشیروان، ناچار مه‌داینی به‌جێی هێشت، کاتی گه‌یشته سنوری کوردستان، ویستی نه‌ته‌وه‌ی کورد، یارمه‌تی بده‌ن، جاسپاداری له‌شکری خوی: (باویاپاو)ی بن شاپوربن کیوس بن قوباد ـ ی به دیاریێ به‌رفره، نارده لای سه‌رانی کورد، کورده‌کانیش به‌دل و داو، ئاماده‌ی یارمه‌تی دانی یه‌زدی گورد، بوون، به‌لام یه‌زدی گورد، به‌ره و شه‌رقی ئێران، بولای ماهوی سوری، حاکمی خوراسان و بولای خاقانی چین، رویی (باو) له‌بان کێفێ که‌ئێستا به ئاته‌شگا ناوداره، په‌رستگه یه‌کی سازداوگونده‌که‌ی ئه‌و شوێنه‌ی به ناوی خوی باو یا پاوه ناو برد. (باو)، فره کوشا تاشا بولای ماهوی سوری نه‌چێ، نه‌یتوانیو به ناچار (باو) به‌ره‌و ماژنده‌ران: (مازنده‌ران) رویی و له‌وێ زنجیره‌ی (باوه‌ندیانی) دامه‌زراند (بروانه رێنومای کتێب به‌رگی ١۵ په‌ره‌ی ١٨٩ هه‌ر ئه‌وێ، ئه‌مه ده‌سخه‌تی ئه‌و کتێبه.



تاریخ کردستان (ص ١١٥)

له‌کاتی هێرشی عه‌ره‌ب بو سه‌ر پاوه، عه‌بدوللا بن عومه‌ر، فه‌رمانده‌ی سپای به ئه‌ستو بووه، ئه‌و، دوای داگیر کردنی شاره زور له چومی سیروان ده په رێته‌وه و هێرش، ده‌باته سه‌ر پاوه، خه‌لکه‌که له‌سه‌ر ئایینی زه‌ر ده‌شت بوون و سه‌خت له راست هێرشکارانی

Dr.Saleh Ebrahimi



عەرە بدا، زەق و پتەو رادە وستن و لەبەرە بە یانەوە تا بولێلەی شەو، جەنگیان کردوە، تا میرێ لەوان نەماو هەمویان بە دەسی عەرەبی هێرشکار کوژران، ئەوسا عەبدوللابن عومەر ئاگردانی پاوەی روخاندن وتێکیدا ولە جێی ئەو ئاگردانە مزگەوتی: سازداوە کە هێمان هەرماوە (بابانی، ٣٨ـ٣٩، سەنەندەجی ٨٧ـ٨٨) پاوە و ناوچەکانی دەوروبەری پاوە لە نیوەی دوەمی سەدەی ١٠ مانگێدا سوهراب (زوراب) بەگ کە مروڤێکی ئازاو بوێر بووە بەسەر پاوە راگە ییوە و کاروباری پاوەی بە رێوە بردوە (بدلیسی، ٤١١)، شاری پاوە تا بەرلە راپە رینی مەشروتە لە ئێران حاکم‌نشینی کوێستانە هەواری جوانرۆ بووە و لە پاشان بۆتە ناوەندی فەرمانرەوایانی هەورامان (سولتانی، ١/٥٣). شاری پاوە لە سەردەمی جەنگی ئێران و عێراقدا، توشی هێرشی دوژمنان هاتووە و وێران کراوەو زەرە رو زیانێ زوری لێدراوە چلە بابەت گیانی وەچ لە باری ئابوری و مالیەوە، بۆوێنە لە ١٣٥٨ تا ١٣٦٠ هەتاوی زیاترلە ١٤ جار بە فروکەی جەنگی و توپخانەی دوژمن هێرشی کراوەتە سەری و شاری پاوە و بە شەکانی دەورو بەر و گوندەکانی ئەو ناوچە لە ٣٠ تا ٦٥ شاروئاوایی وێران کراون و لەو ناوە شدا، شۆشگێرانی کورد، شاری پاوە یان لە دەس داگیرکە ران رزکار کردوە، کە بە داخەوە بە یارمە تی کوردی لایە نگری حوکومەت، شەروا نانی حوکومەت شاریان لە دەس شۆرشگێرانی کوردی دلسۆز، دەر هێناوە تەوە (ئەحمەدی، ١٠٢ـ١٠٣).

شوێنەوارە گرینگە کانی شاری پاوە، ئاسەوارە ناودارە کانی گرینگی ناوچەی پاوە ئەمانەن: ١ ـ مزگەوتی نوێژی هەینی کە خەلکی لایان وایە لەسەر دەمی عومەدی کوڕی خەتتاب بەهوی عەبدوللای کوڕی خەلیفەی دوەم سازدراوە و لە جێی ئاگردانی دورەی ساسانی بنیات نراوە و ئە ومزگە و تە لە سالی ١٣٦٥ تا ١٣٦٦ هەتاوی پینە و پەرو کراوەتەوە (ئەفشار، ١/٤٩٥ـ٤٩٦) ـ ٢ ـ گلکوی ئیمام‌زادە سەیید مەحمود ئیسفەهانی کە زیاترلە ٣٠٠ سالە شوێنی لەوێ دیارە (فەرهەنگ، ٣٤) ـ **سەر چاوە** ئامارنامەی ئوستانی کرماشان (١٣٧٧) سازمانی بەرنامە و بودجەی ئوستانی کرماشان، تاران، ١٣٧٨، ئەحمەدی، حەمید قەومیەت و قەوم ئوگری لە ئێران، ئەفسانە، تاواقیيەت،

Dr.Saleh Ebrahimi



تـاران، ١٣٧٨ و ئـیعتماد سـه‌ڵتـه‌نه مـحه‌مه‌د حـه‌سه‌ن مـیرئاتولبولدان بـه‌کۆششـی عه‌بدولحوسێن نه‌وه‌ایی و هاشم موحه‌دیس، تـاران ١٣٦٨، ئـه‌فشار سـیستانی ئێـتره‌ج کـرماشان و شـارستانی دیـرینه‌ی ئـه‌و، تـاران، ١٣٧١، گـرینگترین تێکۆشـانه‌کـانی دوباره‌سازی و نوێ‌کردنه‌وه‌ی ناوچه زیان لێکه‌و تووه‌کانی شه‌ڕ، له ساڵی (١٣٦١ و ١٣٦٢ی هه‌تاوی)، ده‌بیرخانه (نوسینگه‌)ی ستادی ناوه‌ندی دوبـاره‌سازی و نوکـردنه وه‌ی ناوچه زیان لێدراوه‌کانی شه‌ڕی حوکومه‌تی ئێران و صه‌دام، تاران، ١٣٦٣ بابانی عه‌بدولقادر سیبه‌رولئه‌کرادو بدلیسی، شه‌ره فـخان، شـه‌ره‌فنامه بـه‌کۆششـی مـحه‌مه‌د عه‌بباسی تاران ١٣٤٣ هه‌تاوی. پورکه‌ریم هـوشه‌نگ (پـاوه) هـونه رومـه‌ردم، تـاران ١٣٤٤ ژماره‌ی ٣٢ و ٣٣، پیگو لوٚسکایا، ن.و. شاره‌کانی ئێران له روژگاری پارتیان و ساسانیان ته‌رجه‌مه‌ی عنایه‌تولڵاره‌زا، تاران ١٣٦٧ هه‌تاوی؛ تابانی حه بیبولڵا، وه‌حده‌تی قه‌ومی کوردوماد، تاران، ١٣٨٠، جه‌عفه‌ری، عه‌بباس، دایره تولمه عاریفی جوغرافیای ئێران، تاران، هه‌رئه‌وه، چوٚم و چومنامه‌کانی ئێران، تاران، ١٣٧٦ هه‌رئه‌وێ، چیاکان و چیانامه‌ی ئێـران، تـاران، ١٣٦٨، جـوغرافـیای کـامیلی ئێـران، وه‌زاره‌تـی فێـرکردن و بارهێنان، تاران، ١٣٦٦، ره‌شید یاسه‌می، غولامره‌زا، کوردو پـه‌یوه‌سته‌گـی نـیژادی و تاریخی ئه‌و، تاران ١٣٦٣، سه‌رژماری گشتی نفوس و مه‌سکه‌ن ١٣٧٥، نه تـایجی‌ته فسیلی، شتارستانی پاوه، ناوه‌ندی ئاماری ئێران، تاران، ١٣٧٦، سوڵتانی محه‌مه‌د عه‌لی، جوغرافیای تاریخی و تاریخی موفه‌سه‌لی کرماشان، ١٣٧٠، سه‌نه‌نده‌جی، شـوکرولڵا، توحفه‌ی ناسری له تاریخ و جوغرافیای کوردستان (سنه) به‌کۆششی حه‌شمه‌تولڵا ته‌بیبی تاران، ١٣٦٦، فه‌رهه‌نگی جوغرافیایی ئاوه دانیه‌کانی ولات (بانه) سازمانی جوغرافیای هێزی چه‌کدار، تاران، ج ٣٤، مه‌ردوٚخ کوردستانی ئایه‌تولڵا محه‌مه‌د، مه‌ردوٚخ، تاریخ، تاران، چاپخانه‌ی ئه‌رته‌ش، موفه‌خه‌م پایان، لوتفولڵا، فه‌رهه‌نگی ئاوادانیه‌کانی ئێران، تاران، ١٣٣٩، نه‌شریه‌ی ده‌فته‌ر (نوسینگه‌)ی ته‌قسیماتی ولاتـی، بـریفکاری سیاسی، جواکی وه‌زاره‌تی ناوه‌خوٚ، تاران، ١٣٧٩، هه‌روا: Edmonds, C.J.Kurds, turks, and Arabs, London 1957 موحسین ئه‌حمه‌دی، دایره‌تولمه عاریفی بوزورگی ئیسلامی ج

Dr.Saleh Ebrahimi



١٣ پەرەی ٥٦٨ چاپی ١٣٨٣ تاران، (شەپۆل)، واژەی پاوە بەمجۆرەی ئە مرۆ، خەڵکی پاوە بەسەر زاریانەوە گۆی دەکەن، لە (ئاڤێستا) داهاتووە، پاوە ناوی شارێکی کوردنشینە، کەوتۆتە سەر ڕێگای کرماشان و هەروا لەسەر ڕێگای ماهیدەشت و سنە: (ئاویدەر) دایە، پاوە بەناو ناونیشانیێ کەلە (ئاڤێستا: کێڤە کانی نە ناسراوی غەربی ئێران، دەوڵەتشاهی کورد ـ ی کرماشانی بەمجۆرە باسی کراوە: ئەو شوێنەیە، کەلەسەر ڕێگای زەردەشت ـ ە کەلە ماهیدەشتەوە چۆتە پاوە pawa یا (pawh پاوە ە) و لەوێشەوە بۆ ئاویدەر چوبێ، مەردوخ ئایە توڵلاشێخ محەمەد، لای وایە پاوە، بەناوی برازایەکی یەزدی گورد ـ ە کە ناوی (باو) بووە.

لە پاوەداگۆڕی (مرۆییێ کۆن) کەلە (هوما)ی سورەوە کراودا؛ دەی گێڕنەوە بو ٢ یا ٣ هەزار ساڵ بەرلە زایین، ئەمە یش ئەوە دەگە یێنێ کە پاوە فرە کۆنترەلە زەمانی برازای یەزدی گورد، کە وەک پاسگە یەک بە ناوی (باو) کرابێ. پاوە شارێکی کوردنشینی جوانەولە داوێنی شاهۆ و ریزە شاخە کانی دەرە نیشێ و قەڵای دزێ دایە ـ دوڵێ وی میروهەوڵی، بەئاوی پاک و خاوێنیانەوە پاوەیان، رازاندوێ تەوە، بەو دیمەنە جوانو ڕەنگینەیان. پاوە لە (نوریان) و (دوریسان) نیزیک بۆتەوە خەریکە زیاتر برە ویێەوە و شانلە (قەڵای دزێ) بساوێ. ـ لە (پاوە)وە بۆ (خەنەگا) و (گراڵ) و (دشە) جادەیەی ماشینڕەو هەیە، پاوە چون کەوتۆتە سەر ڕێگای کرماشان، عیراق، ناوەندێکی بازرگانی جێیێ گەشەونە شەیە. خەڵکی پاوە ژیرو بە بەئاوەز، خاوەن بیروراو رامیارو ئابوری زانن. میرزا ئەولقادر، میرزا شەفیع، میرزا مەحمود و ئاغاعینایەت دەورێ باڵایان لە باغچەی ئەدەبداگێڕاوە. ـ پاوە؛ ئەم سە یرانگارە نگین و جوانانەی هەیە: وی‌میر، هەوڵی، زاوەڵی، پیازە دوڵ، کەندەڵە، ئاتەشگا، بیار، هانە خوماری، هانە، شێخ‌حە سەنی، گوڵان، کاروانسرا و هەندێ شوێنی‌تر. ـ باشە بزانین پاوە بە پاوە ە، پەقە، پەقەە، پەوا و یا پەواە گۆکراوە (بڕواننە: پەرەی ٥١٥ تا ٥١٢ کتیبێ مێژوی هەورامان بە زمانی کوردی دوکتور محەمەد ئەمین هەورامانی چاپی ١٣٨٠ هەتاوی، تاران.

دەشت و داوینەی سەوز و دلگیری هولی، نشاو چاوک، لە دەورو بەری شاری پاوە،

Dr.Saleh Ebrahimi



شیو و دوڵی گاوڵ و هانککوکە، لە ٧کیلۆمیتری باکوری پاوە دایـە، یـا شیـّوودەرەی گولاڵ کە لە ٣کیلۆمیتری باکوری پاوە هەڵکەوتووە.

□ ـ کان و مەعدەنی لاشە بەرد و مالوّن کـە زیـاتر لە ١٠٥ هـەزار توّن زەخـیرە و ئازوخەی هەیە کە لە ناوچەی پاوە کەڵکی لیوّردەگیردریّ.

□ **باری کشت و کاڵی پاوە،** خاکی پاوە تا ٧٠ لە سەدی دێمیە و ئەوی‌تری بەراوە. لە ناوچەی پاوە زیاتر گەنم، جوّ، دانەوێڵە، دەچێندری و گویـّز، بـادام، توّ، هـەنار، سێـو، هەڵوچە، هەرمیّ گولاّوی،تریّ، چبەوێنەی وشک یا بەوێـنەی تـەرو تـازە بوّ دەرەوی ناوچە بوّ فروّش، بەریّ دەکریّن. مرو مریشکداری، بوّقەلەمون، قاز و پەلەوەر بە خێو کردن هەیە.

□ ـ کار دەسی: قاڵی، بەڕە، جاجم، بوزو بوّ رانک و چوّغە، کلاّش، جلکی نێو خوّیی کە بوّ فروّش بوّ دەرەوەیشی بەریّ دەکەن.

□ ـ کارگەیێ بوّ قاڵی چنین لە شـاری پـاوە دامـەزراوە و یـەکیّ‌تـریش لە گـوندی (ساعەتیاری) دانراوە کە هەریەکەیان، تا ٧٠کەس لە کچان و ژنان لەویّ خەریکی قاڵی چنی جوان و رەنگاورەنگن، کە لە بەر وەێنەی قاڵی کاشان، بیجار، کرمان، هەوشار، قوم، ئەراک، قاڵی و مافورە و فەرش، دەچنن. جا لە ریّگای کرماشانەوە ئەو قاڵی و مافورە و فەرشە جوانانە، بوّ فروّش بوّ دەریّ بەریّ دەکەن. بێجگە لەوانە، بنێشت گرتن لە دارسانی پاوە، یەکیّ‌ترە لە بەروبوی ئابوری پاوە.

□ شاری پاوە، لە کەناری شیوی خانەقا سازدراوە و چوّمە ئاوی شیوی گـولاڵ یـا (پاوە) کە لە کێفی شاهوّ سەرچاوە، دەگریّ، لە باشوری پاوە رەد؛ ئەبیّ، کانی ئاو یا سەراو هولی هەم بوّ خواردنەوە، خەڵکی پـاوەو هـەم بوّ ئـاودانـی بـاغەکـان کـەڵکـی لێـوە ردەگیردریّ.

□ کێفی شاهوّ، بەشی باکور، باکوری روّژ هەڵاتی و باشوری روّژ هەڵاتی پـاوەی داگرتووەوبە بەرزترینی دوندی زنجیرەکێوەکانی زاگروّس، دادەنریّ. لە بەشی **نەوسود،** باکوری‌ترینی بەشی شاری پاوەو لە نێزیکی سنوری دەسکردی ئێران و عەرەبی عیراق،

دەسی پێی کردوە و بەوێنەی دیوارەیێ پێکەوە لکاوەو بۆلای باشوری رۆژ هەلاّتی درێژ بۆتەوە و لە لای رۆژ هەلاّتی روانسەر، تەواو بووە.

هەروا لە بەشی خۆراوای پاوە (تەپەی کولە) هەیە و تەنیا لە لای باکوری خۆراوای ئەوشیوەڵە باریکەی، کە بوونەتە کێلگە، دەسی پێی کردوەتا دەگاتە (دوندی نان ویژە) لە ١٠ کیلۆمتری باکوری خوراوای پاوە درێژ بۆتەوە.

**کەش و هەوای** پاوە ـ سارد و مایل بە مام ناوەندیەو نیوە نـماویە و لەهـاویناندا لە گەرمیدا تا ٣٠ پلە بان سیفرە و کەمترینی ئەوە لەزستاندا (٢٨) پلە لەژێر سیفرە و رادەی باران لە سالدا لەپاوە، مام نافینەکەی تا ٦٥٠ میلە و نمناکیەکەیشی سالاّنە تا ٦٢ لەسەدە.

**پاوە دەگەرێتەوە** بۆ سەردەمی **دامەزراندنی ئیمپەراتوری ماد**، کۆنترین تاریخی کە باسی لە پاوە کردوە، دەگەرێتەوە بوسەدەی ١٢ بەرلە زایینکە پاشای ئاشور وکورەکانی بەرزاییوکێڤەکانی هەورامانیان، داگیرکردبو، دەڵێن: پاوە ناوی کوڕی شاپور ـی کوڕی کیوس ـ ی برای ئەنەوشیرەوان، کـوڕی قـودباد ـ ی سـاسانییە. واژەی ئـەورامـان یـا (ئەورمن) جۆرێ گۆرانی وتن و شیعری هەورامانییەکە بە زمانی پەهلەوی: (گۆرانی) و تراوە و دانراوە و هەروا ناوی ئاوایی (: ئەورامە)، لەوە دەچێ گۆرانی ویژو شـاعیر بـە زاراوەی هـەورامـانی لەوگـوندەوە سـەریان هـەڵداوە و (ئـەورامـان) لەوەوە گـیراوە. ئەورامانکە لە ناوچەی ئوستانی کوردستان (سنە) و کرماشان و سلێمانیدایە، نـاوچەیێ شاخاوی و چیاو چڕو بە هەشتی دڵە و لەکەو ناراوە، وارگەو نشینگەی کـورد بـووە و دوزیوەتەوەو لە پاشان ناوی کورد، (بەماد و ساسان) براوەو لە کاتی هێرشی عەرەب، کە ئاوارە بون و سەرما و سەخلەت زۆری بۆهێناون کە چونەتە ئاگردانەکان، و تویانە: (ئاور ئامان)، لە هێرشی درندەیی عەرەب و ئامان جاکەوابێ (ئەورامـان ـ لە ئـاور ـ ئـامان ـ سازدراوە و بەدرێژای مێژو، بۆتە (ئەورامان) یـا هـە وره بـروسکە لەو چیاو چڕە پڕ لەگوڵە، کردویەتە شریخە ئەور ئامان، یا هەور ئامان. ئەور بە فارسی ئەبرکە (و) بۆتە (بێ)

Dr.Saleh Ebrahimi



و له زمانی کوردیشدا (ئه) ده‌بێته (ه) ئه‌فشار: هه‌وشار، نادرشای هه‌وشاری کوردی قه‌راخلو (شه‌پۆل).

ناودارانی پاوه: میرزا ئه‌ولقادر پاوه‌یی (:یه‌که‌م) ناودار به قاله (حه‌دیقه‌ی سولتانی: به‌رگی ۱: ۷۹ ـ ۸۸؛ بابا مه‌ردوخ به‌رگی ۲:۱۱۵ ـ ۱۱۷)؛ صه‌یدی هه‌ورامی (حه‌دیقه‌ی سولتانی: به‌رگی ۲: ۳۵ ـ ۵۲)؛ ئه‌ولقادر پاوه‌یی (: دووه‌م)، مه‌ردوخ ئایه‌تولڵا کوردستانی به‌رگی: ۲: ۴۷؛ حه‌دیقه‌ی سولتانی به‌رگی: ۲: ۸۹ ـ ۹۱)؛ عه‌بدوخالیق پاوه‌یی، (سه‌جادی: ۴۵۳ ؛ حه‌دیقه‌ی سولتانی هه‌رئه‌وێ)، مه‌لا فه‌تحولڵا پاوه‌یی، (حه‌دیقه هه‌رئه‌وێ)، فیکری پاوه‌یی، حه‌دیقه‌ی سولتانی هه‌رئه‌وێ)، سه‌ید فه‌تاح پاوه‌یی ناودار به مه‌هجوری (حه‌دیقه‌ی سولتانی هه‌رئه‌وێ)، میرزا مه‌حمود موسته‌وفی ناودار به مه‌حزون (حه‌دیقه‌ی سولتانی هه‌رئه‌وێ)، سه‌ید محه‌مه‌د خانه‌گایی (بابا مه‌ردوخ به‌رگی ۲ ؛ ۹۵)؛ مه‌لا صه‌لاحه‌دین پاوه‌یی (بابا مه‌ردوخ هه‌رئه‌وێ، حه‌دیقه‌ی سولتانی هه‌ر ئه‌وێ)، مه‌ولانا محه‌مه‌د ناودار به **گوشایش** کوڕی میرمحه‌مه‌د مه‌ردوخ که له ساڵی ۷۹۰ مانگی له دایک بووه و له ساڵی ۸۷۳ مانگی وه‌فاتی کردوه. تاریخی مه‌ردوخ ئایه‌تولڵا کوردستانی به‌رگی ۱ (بروانه مێژوی هه‌ورامان (پاوه)، موزه‌فه‌ر به هه‌مه‌ن سوڵتانی هه‌ورامی، به‌سه‌ره‌تا و ساغکردنه‌وه و کۆبه بۆنوسینی دوکتور نادر که‌ریمیان سه‌رده‌شتی، به فارسی، نه‌شری ئیحسان چاپی ۱۳۸۶ هه‌تاوی تاران). یه‌کێ ترله‌زانایانی ئایینی حاجی مامۆستا مه‌لا محه‌مه‌د زاهید، زیائی‌یه، که کوڕێ وه‌ک موهه‌ندیس باقر زیائی هه‌یه که ته‌شریفیان له تارانه‌و فره‌حه‌ز له خزمه‌ت کردن به مرۆ، ده‌که‌ن.

**پاوه: هه‌ورامان** پاوه و هه‌ورامان له به‌هارانا به تایبه‌ت له مانگی گوڵاندا به‌راستی ده‌بێته به هه‌شتی به‌راستی، هه‌ورامان گلکۆی که‌سانێ وه‌ک پیرشالیار، کۆسه‌ی هه‌جیج، سه‌یدی هه‌ورامی، پیرئیسماعیل ئه‌سپه‌ریز ـ ی لێیه. تافگه‌ی مه‌عده‌نی بڵ، که خۆشتر و سالمترینی ئاوه، ئاومه‌عده‌نی گوڵ گوڵین له دیێ (ده‌ڵه مه‌رز) که ماسی یه‌کانی چه‌می

Dr.Saleh Ebrahimi



سیروان لە سەر ئەوکێ بەرکێ یانە، تا بتوانن بوکات و ساتێ لەنێو ئەوا بحەسێنەوە. ئاگردانی هەورامان؛ دیارە کاردەسی هەورامانیان، سەرنجی مروٚ، بولای خوێان رادە کێشن، داری بەلوت، پستە کێویلە، جانەوەرانی جوان و نەخشین، سنجاو، گولی نیلوفەری زەرد رەنگ، لەودەشتو دیمەنە رازاوەیە، جوانێکی هەزار بەرامبەری ماسولەی باکوری ئێرانی پێداوە، بە تایبەت، مەندو ماقولیو مەدەنیەتی خەلک و مەتانەت و وەقاری خەلکی هەورامان، ئەونەیتر ئەوێی دلگیر و دل لاوێن راگرتووە.

لە بابەت واتای هەورامان فرە قسە کراوە. ـ ۱ ـ هەورا بە واتای هەور و مان بە واتای مالە یانی خانوی تێدا حەوانەوە کە ئاماژە بە بەرزو بلیندی ناوچە کەیە.

۲ ـ لە واژەی ئاهورا ـ ی پەهلەوی (خوا) و مان بە واتای مال، خانو، کە بەواتای خانوی‌خوا، هاتووە، گیراوە. ـ ۳ ـ هەورا بەواتای ئارامش و مان بە واتای خانوو جێی ئاراو قاراگرتنەو ئاماژە بە وەقار و مەتانەتی ئەو هەرێمە و خەلکی ئەوێ هەیە. فەرهەنگی عەمید دەلێ: **ئەورەمن، ئاهەنگێکی پەهلەوی‌یەو لە ناوچەی کوردنشین و لە هەورامان و کرماشاندا بە واتای جوٚرێ شیعر و وەزنە شیعری کوردی یە کە لە هەورامان بە (سیاچەمانە) و لە کرماشان بە (هوٚرە) ناو دەبرێ، ئەورەمن یا هەورامان، لە ئاهەنگی ئاهورایی (:خوایی) وەرگیردراوە، کە ئاهورا لە ئایینی زەردەشتا، بە واتای خوای گەورەو** ئاهورایی یا (ئەهورامانیان) بە واتای خوای گەورە یا بە واتای خوا پەرستانە.

لە کتێبی کێقە نە ناسراوە کانی عیمادە دەولەتشاهی؛ هەورامان یانی هەلکشاو هەلچو، بەرزو بەرز بونەوە و هاتنە سەر، یا هەورامانان کە هور لە کوردی کوٚندا بەواتای خوٚر، تاو، نورە. ئاما بەواتای هات و هاتنە، یانی خوٚرهەلات، تاوهات، لە راستیدا (هەورامان) لە (ئاهورا) وە هاتووە.

سیاچەمانە، یەکێ لە رەسەنترینی ئاهەنگی هەورامانە کە هونەروەرانی هەورامان هێمان بەوە دەنازن. سیا چەمانە یانی چاووبروٚ رەش و چاو بەلەک و جوان، هەندێ بە

Dr.Saleh Ebrahimi



واتای جلّک ره‌ش یا چۆمه ئاوی ره‌ش واتایان کردوه که‌راست نیه.

سیاچه‌مانه به شێوه‌ی (: ده‌ره‌یی، شێخانه، چه‌مه‌رێ، پیاهه‌لّدان، چریری، رۆجیارگیریای، چه‌پله، ورده‌به‌زم، ده‌برێ به‌ریۆه‌و به‌ده‌نگ و ئاواز ده‌خوێندرێ. - زاراوه‌ی کوردی هه‌ورامانی، یه‌کێکه له لکه گرینگه‌کانی زمانی شیرینی کوردی، زمانی خه‌لّکی هه‌ورامانی ته‌خت به‌وشێوه‌زاره قسه ده‌که‌ن که له رابوردوا زمانی باوی نوسینی رۆژگاری خۆی بووه و کتێبی پیرشالیار و سه‌بحه و ته‌سبیح و کلاشی ئه‌ویان به نامۆو بێگانه، نه‌داوه و هه‌روا بۆ مدفه‌رك له جێی خۆیان ماون. خانوبه‌ره‌کانی خه‌لّکی هه‌ورامان به وێنه‌ی وشکه‌چین و به‌وێنه‌ی پلیکان سازدراون، خه‌لّکی لایان وایه هه‌ورامانی ته‌خت له‌که‌و نارادا شارێ گه‌وره و پێته‌خت بووه، بۆیێ به ته‌خت ناوداره - جلّکی ژنی هه‌ورامان فره ره‌نگین و نه‌خشین و دلگیره.

۱ - **هه‌ورامانی ته‌خت** - ۲ - **هه‌ورامانی لهون**، هه‌ورامانی **ژاوه‌رۆ**. هه‌ورامانی ته‌خت تا **۲٦** گوندی به ده‌سه‌وه‌یه، که له رابوردوا، ناوه‌ندیان، (**هه‌رزاو**) بووه و مروێی به ناوی **حوسێن به‌گ** به باب و کالّ و زارۆکیه‌وه به‌سه‌ر ئه‌و ناوچه‌دا حوکومه‌تیان کردوه‌و **ناوه‌ندی فه‌مانره‌وای یه‌که‌ی هه‌ورامانی ته‌خت** بووه.

□ **هه‌ورامانی لهۆن** له لای شه‌رق و باشوری شه‌رقی یه‌وه، خۆ له‌سنه‌و کامیاران ده‌ساوێ و له باکوریشه‌وه خۆ له هه‌ورامانی ته‌خت ده‌دا و له غه‌ربه‌وه، ده‌گاته خاکی باشوری کوردستان (عیراق) و له رابوردوا، ناوه‌نده‌که‌ی (**نه‌وسود**) بووه و ئێستا، **ناوه‌ند (شاری پاوه)** یه

□ چۆمه ئاوی **سیروان** له سه‌ره‌تای هه‌و رامانی لهۆنه‌وه ده‌س پێده‌کا.

□ له سه‌رچیای شاهۆ گوندی تاریخی **ته‌نگیوه‌ر** و **پالّنگان** یا **پلنگان** سازدراوه، که له‌کۆندا حاکم‌نشینی چه‌ن هۆزه‌کورد بووه و بیره وه‌ری فره‌تالّ و شیرینی هه‌یه.

□ **قه‌لاّی پالّنگان** له دێهستانی **ژاوه‌رۆ**، له سه‌ده‌ی شه‌شه‌می ۸ مانگی به هۆی حاکمی

Dr.Saleh Ebrahimi



ئه‌رده‌لاّن بوّ ناوه‌ندی حوكومه‌ت سازدراوه و كه‌تیبه‌یێ گه‌وره له‌وێ به‌جێماوه

□ گوندی مێژویی (ده له‌مه‌رز) یش له بن چه‌تری كیێقی پڕشكوّی شاهوّ دایه، له چه‌ن كیلوّمیتری له باشوری غه‌ربی پالّنگان، خوّی ده‌نوێنێ، كه له به‌را به‌ناوی (شیوه‌لّه مه‌رز) ناو براوه، چونكا، كاروانه ڕێی بووه و كاروانیان له وشوێنه دلگیر و ره‌نگـینه بـارگه و بنه‌یان بوّحه‌سانه‌وه و حه‌وانه‌وه له‌وێ خستووه و به‌(دالاّن مه‌رزیش) نێو براوه. كه‌سێ به ناوی برایم قه‌ره‌داغی ئه‌و گونده‌ی ئاوه‌دان كردوّته‌وه و ۱۷ كوڕی بووه كه یه كێ له‌وانه، به‌ناوی ئه‌حمه‌د، به‌رد تراش ناودار بووه، كه هێمان ناوی به‌سه‌رزاری خـه‌ڵكـی ئـه‌وێ هه‌رماوه (بڕواننه كتێبی فێـركردنی جـوغرافـیای ئـوستانی كـوردستان (: سـنه)، سـایتی ئینتێرنێتی؛ فه‌رهه‌نگی عه‌مید، ده‌وله‌تشاهی كیّوه نه‌ناسراوه كانی، كتێبی دینی ئـاوێسـتا، پیاچونه‌وه‌ی مه‌یدانی، چه‌ن یادداشتێ له سمیناری سیا چه‌مانه‌ی شاری سـنه، نـه‌قڵ بـه كوردی له حه‌وته‌نامه‌ی سیروان په‌ڕه‌ی ٦ ژماره‌ی ۳۳۳ سالّی ١٦ ۷جوّزه‌ردان (: زه‌ردان) ی ۱۳۸۴ هه‌تاوی (شه‌پوّل).

□ **نوكته گوندی هه‌جیج له ڕاستیدا مـه‌دینه‌ی فـازیله‌یه،** ئـه‌وه‌ی ڕاسـته‌و دیـاره‌و سه‌لماوه: دروّ، زمان لوسی بوّفریوی خه‌ڵك، جه‌نگ، كه‌لّه‌ك و كولّه‌ك له خه‌ڵكـی ئه‌وێ نه‌بیندراوه و خه‌لّكه كه‌یشی خود كه‌فان، ئه‌م دێی‌یه، له **ڕاستیدا ئاواتی ئه‌فلاتون و فارابیان** به‌جیێ هێناوه و به‌كار و كرده‌وه‌ی مروّڤانی خویّان گوندی كوّسه‌ی هه‌جیجیان كردوّته مه‌دینه‌ی فازیله. بوّ زیاتر ناسیاو بون به‌و ڕاستیه بڕواننه گوّڤاری گرشه‌ی كوردستان په‌ره‌ی ۴۳ تا ۳۸ ژماره‌ی ۲ و ۳ نه و روّز و خاكه‌لیوه‌ی سالّی ۱۳٦۰ هه‌تاوی و سالّی ۱۹۸۱ زایینی و ۲۵۹۳ كوردی سالّی دووه‌م. گرشه‌ی كوردستان به سه‌ر نوسه‌ری و به‌رپرسی ـ د ـ محه‌مه‌د صالح ئیبراهیمی (شه‌پوّل) كه له تاران به زمانی شیرینی كوردی له چاپ دراوه‌و تا ۹ ژماره‌ی لیێ بلاو راوه ته‌وه‌و یه‌كه‌مین ژماره‌ی گرشه‌ی كوردستان به زمانی شیرینی كوردی له ۱۹۸۱/۳/۱ زایینی له تاران له چاپ دراوه و بلاّو كراوه ته‌وه.

Dr.Saleh Ebrahimi



# هه‌جیج

خوینده‌وارانی به‌ریز، لیره‌دا ئه‌مانه‌وێ هه‌ندێ له ئاکارو، کارو، کرده‌وه‌و، هه‌ستان‌و، دانیشتن و، خوو، باوی ناوڕۆڤی گوندی «هه‌جیج» تان بۆ بگێرینه‌وه، تا بزانن ئه‌م کورده موسلمان‌و، ڕه‌سه‌نه‌چلۆن به‌دریژایی میژو، فه‌رهه‌نگ و باوی ناوخۆی پاراستوه، خه‌لکی ئاوایی «هه‌جیج» بیره‌وه‌ران و هوزانان له‌که وناراوه، هه‌میشه تیکۆشاون بۆبه‌خته‌وه‌ری به‌ره‌ی مرۆڤ چاره‌یه‌کی بناغه‌یی بدۆزنه‌وه، چاره‌سه‌رکردنیکی‌واکه کۆمه‌له‌ی کۆمه‌لگای به‌ره‌ی مرۆڤ خۆیی له‌به‌هشتی خودایی داببینێ.

نوینگه‌ی نواندنی ئه‌م، به‌هه‌شته، جۆریکی وابێ که‌له‌ودا هه‌ژاری برسیه‌تی جه‌نگ، درو، ده‌له‌سه، دزی، خۆین ریژی و دیل بون و خۆگف کردن و خۆقه‌ف کردن و خۆهه‌لساندن و به‌گژ یه‌کیا چون و براوخویشک کوشتن‌و زینده به‌گۆرکردنی تیانه‌بێ.

مه‌زه‌هه‌ری ته‌جه‌سسومی ئه‌م کۆششه، شوینه‌واری بێ‌دوا برانی، دوبیره‌وه‌ری مه‌زنه یه‌ک ئه‌فلاتون له یونانا، دوهه‌م فارابی یه، له‌ئیرانا، ئه‌ولیان کتیبی جه‌مهوری یه‌تی‌توسیوه‌و، دوهه‌میشیان.

«مه‌دیته‌ی فازیله»ی به وه‌رگرتن له جه‌مهوری یه‌ت، هینا وه‌ته‌کایه‌وه، ئه‌م دوانه له شوینه‌واری فه‌لسه‌فی خویانا «شار، یا واحیده، کۆمه‌لایه‌تی یه‌کی واکه‌که‌مالی مه‌تلوب بێ، نه‌خشه‌یان، بوکیشاوه، که قانونگه‌لی، جاری، له‌ودا هه‌روه‌ها، ته‌به‌قه به‌نی (: ده‌سه‌بلێنی) لێ پراسر وی گه‌لی، کۆمه‌لایه‌تی و شیوه‌ی حوکومه‌ت‌و حوکم ره وایێ، دانیشتوانی ئه‌وێ بگه‌نه، ئه‌و، په‌ری، خۆشی‌و به‌خته‌وه‌ری یه‌کی‌واکه هیواو داخوازی سه‌ره‌کی مرۆڤه. به‌لام هه‌مو ئه‌م ئاوات و کۆششانه، که له‌ده‌م و کات‌وساتێ له قسه‌وتیئۆری نه‌هاتونه‌ته، ناو پله‌ی کاروکرده‌وه، جه‌نگ و هیرش و ده‌س دریژی‌و زۆر ویژی‌و درۆ و ده‌له‌سه‌وگزی و فزی کردن و چه‌په‌لی و پیسی و بێ به‌ختی و ئاژاوه نانه‌وه و شه‌ڕو تالان و بڕۆ، له ناو به‌ره‌ی مرۆڤدا په‌ره، ده‌ستینێ و زیاد، ئه‌بێ، تاراده‌یه‌کی وه‌ها

Dr.Saleh Ebrahimi



هیوای بیرمەندان و بیراوەران و مەزنی و بەختەوەری، مرۆڤەوتۆتە نێو تۆف و تۆفان و گێژەلوکەی نائومێدی، بەلام **سەرسام هێنەرەکە بزانین، لە نێوشاخ و خاک و نیشتمانی کوردەواری لاندکی** بێچوشێران، لە نێو خاکی پاکی هەورامان خەلکێک، دەژین کە گوندی گچکەی ئەوان **نوێنگەی ئاوات و ئارەزوی ئەفلاتون و فارابی یە،** بۆ یەک کۆمەلی بەرزوتەرزی مرۆڤانی. لەم ئاوایە داگشت خێر و بێروپیتو بەرەکەت و شتگەلی باش و بەکەلک، لە نێو خەلکی گوندی هەجیج کەوێنە یەکە لە مەدینەی فازیلە ئەوشتەو ئەو مەبەستە بەتێکرا هەیە. بێئەوەی خەلکی ئەوێی، نەتانەت بەو جۆرەی وا ئەفلاتون ئاماژەی بۆکردبوو، بۆوێنە منالی شەل و نوقسان لە نێو بەرن، یا چین و توێژی کۆمەلایەتی، لەسەر قسەی بنەرەتی ئەو دامەزرێن. باشە بێژین لە گوندی هەجیجدا. بەراستی، درۆ و دەلەسەو زمان لوسیو شەڕو قرە و کەلەک و کولەک، بەهیچ لەونێ ئاسەواری نابیندرێ، لە لایەکی ترەوە، ئەگەرچی سرنج راکیش دێتە بەرچاو، بەلام یەک راستی یە، تەمەدون و ژیاری ماشێنی بەو هەمووە، وزەو هێزەوە کە هەیەتی لەپشت دەروازەی چەپەرینی ئەم گوندە بێوێنە یەدا، ئەم نوێنگەی نوندانی جەمبوری یەتی ئەفلاتون و ئەم مەدینە فازیلە، چکۆلە ئیدەئال و ئاواتی فارابی یە، لەجم و جولکەوتووە.

خەلکی گوندی هەجیج، میهرەبان و پاکدل و ئاشتیخوازو رەنج کێش و راست و ساغوبە دروست کرداری دەژین. گوندی جوان و کوێستانی هەجیج لەبەشی رۆژاوای کوردستانی خۆشە ویستایەو لەشاری سنە ناوەندی ئەم توستانە، تەنیا ١٥٠ کیلۆمیتر دورە. بەلام گوندی هەجیج لەباری دابەشی بونی ولاتی ئێرانەوە، سەر بە شاری رەنگینی (پاوە) یەوسێ سەد و چەن بنە مالەی تێدا دەژی، بێشک خەلکی هەجیج پاکترین خەلکی ئەم دەورو زەمانەن و لەچاکە و مرۆڤانی و دوستایەتی و خاکینەو خوڵینەییدا، بێ وێنەن، خەلکی هەجیج و هەجیجی لەت وکوتیان بکەی درۆ بە زاریاندا نایێ.

دل و دەرونی ژن و پیاوی هەجیجی پڕوتەژییە لە ئەشق و ئەوین بەیەکتر و بە

Dr.Saleh Ebrahimi



مرۆڤانی، سه‌رنج ڕاکێشه مرۆڤی هه‌جیجی له‌ژیانیدا ژنی خۆی ته‌ڵاق نادا و واژه‌ی ته‌ڵاق نایێ به‌ده‌میدا، ژنی هه‌جیجیش قه‌ت له بیری ئه‌ودا نیه له مێردی خۆی ده‌س هه‌ڵبگرێ یا ته‌ڵاقی لێ وه‌ربگرێ. ژن و پیاوی هه‌جیجی هه‌رله‌و ده‌مه‌ی وا ژیانی هاوبه‌ش پێکه‌وه سازده‌ده‌ن، له‌گشت باروبایه تێکه‌وه بیرده‌که‌نه‌وه، به‌ڵام ئه‌وه‌ی‌وا نابێ به بیرو مێشکیاندا بێ، لێک جیابونه وه‌یه. ـ جا هه‌ر لێره‌وه‌یه‌که تائێستاکه‌س نه‌ی بیستووه، ژن و شویه‌کی هه‌جیجی لێک جیابوبێتنه‌وه‌و ژه‌نه هه‌جیجیه‌ک ته‌ڵاق درابێ. ته‌نیا مه‌رگ ئه‌وان لێک جیاده‌کاته وه‌وبه‌س. هه‌جیجی کیژی خۆیان به‌غه‌واره ناده‌ن و خۆیشیان له بێگانه‌و لاوه‌کی ژن ناهێنن، جا هه‌ر له‌م سۆنگه‌وه یه،که خه‌ڵکی گوندی هه‌جیجی به‌تێکرا خزمن و بێگانه‌و غه‌واره له‌و گونده نابینی.

خه‌ڵکی ئاوایی هه‌جیج جلک‌و به‌رگی تایبه‌ت به خۆیان هه‌یه، جا هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه، به هه‌رشوێنێکدا برۆن له دوره‌وه دیارن و خه‌ڵکی ده‌زانن، ئه‌وانه هه‌جیجین، پیاوانی هه‌جیجی جۆره به‌رگێکی تایبه‌ت به خۆیان له به‌ر ده‌که‌ن، که له بابه‌ت خۆیه‌وه، فره‌سه‌رنج ڕاکێش و جوان و له‌باره و له‌دنیادا لنگه‌ی بۆنییه. سه‌روپێچی پیاوی هه‌جیجی **خۆی ناسێنه‌ری ته‌واوی مرۆڤی هه‌جیجه**. به‌واتایێ‌تر، سه‌روکڵاوی هه‌جیجی هه‌روه‌کو ناسنامه‌ی ئه‌و وایه، پیاوی هه‌جیجی بی ده‌سه‌ره سه‌ر و سه‌رپێچ و کڵاو ناگه‌ڕێ، ده‌سره سه‌ری هه‌جیجی له پارچه‌ی ده‌زو، په‌وێنه‌یه‌کی تایبه‌ت ساز ده‌کرێ‌و به ده‌وری سه‌ریدا. ده‌پێچرێ، **له راستیدا ده‌سماڵی ده‌وری سه‌ری مرۆڤی هه‌جیجی، ناسنامه یا کارتی نه‌ته‌وه‌یی ئه‌وه،** وایه. هه‌ر ژن و پیاوێکی هه‌جیجی که‌له‌گوند، ده‌ر ده‌که‌ون‌و ده‌چنه هه‌نده‌ران، به‌و سه‌روپێچه‌وه، له دوره‌وه له‌کورده واریدا، ده‌ناسرینه‌وه و خه‌ڵک ده‌زانن که ئه‌وانه هه‌جیجین. به‌راستی خه‌ڵکی گوندی هه‌جیج فره زه‌حمه‌ت ئه‌کێشن و کارئه‌که‌ن و ده‌تروقێنه‌وه و شه‌ش مانگ له ساڵدا خه‌ریکی سازکردن و چنینی گه‌لاش‌و گیوه‌و شاڵ‌و به‌ره‌و جاجم‌و پلاس‌و یه‌ک جوره‌چنینی پارچه یه‌ک ببن، که ناوی «موهیر»ه - وه‌له‌شه‌ش مانگه‌ی‌تری ساڵا بۆفرۆتن‌و، گۆڕینه‌وه‌ی ئه‌و ده سکردانه‌ی خۆیان، له ماڵ و

Dr.Saleh Ebrahimi



لان و، گوند، ئە چندەدری و، بەناو، ناوچەکانی تری، کوردستانی، خوشەویستا، خـول، ئەخوّن و ئەگەرێن، بەلاّم لەو ماوەی گەریانا نەیاندا هیچ دەمو کاتێ سواری ئـەسپ و هێسترو، ماشین و شتیسواری ترنابن، وە لەو ماوەیەدا لە هەرشوّی نێک شەویان بـەسە رادابێت، هەرلەوشوّینە، ئەکەنە روّژ، بوّدەوریش، لەهەرکوّی، شەو، دابێت، ـ بوّخـەو، وەخوا ردن،شەو، هەر، لەویّ ئەبێت.

هەجیجی لەکاتی شەو، داهاتنا، لە پەنای گاشە بەردێ زل، کەهێمان دنیا پیێ نەداوە، تل، لەقەد پالێکا، یا لەژێرچادرێکا، کەخویێ هەلّی ئەدا، وە نـەوزێک ئـەداو مـاندوی لەش و، گیانی دەر ئەکاو، پشویەک ئەداو، ئەحەسێتەوە هەجیجی لەتەک، چەکەمەنیدا ناموّو، بیگانەیە، کاری بەچک نەبوەو، نیشە، مروّفی هەجیجی تا ئێستا، لەنـاو، دەمو، دەسگای قەزایی و، جەزایی دا ـ«پەروەندەی» نەبووە و، نیشە. تەنانەت تا ئەمدەمو، کاتە، یەکجا ریش لەوگوندەدا گیرەو، کیشەیەک، و، دمە قرەیەک، کەلەودا خەلّک بریندار بوبی روی نەداو، نەقەوماوە. پیاو، ژنی هەجیجی نەتەنیا لە تەک چەکەمەنی و، کەرەسەی جەنگا، بێگانە و ناموّیە، بەلّکو رێ و رەسمی بەکارهێنانی هیچ جوّرە، ساز و ئـاواز و موسیقایەکیش نازانێ و شارەزایی، پێیان‌نیە. هەجیجی ساز و ئاواز و موسیقا بەکار هێنان بەگو ناح و بە تاوان دەزانێ.

کار و ئاکاری هەجیجی ئەونە لە بەرچاوی کار بەدەسانی حوکومەتی، بەر لە جەنگی ئاوگەلانیدا جوان و پەسەند بووە، کە خەلّکی ئـاوایـی هـەجیج تـا نـاوە راستی سـالّی **١٣٤٨ی هەتاوی لە سەرباز دان بە دەولّەت تەرخان کرابون و تەنانەت لەو بـابەتە وە قاقەزیان بوّ موّر کرابوو.** ئەشێ بێژین خوو ئاکاری چاک و مروّفانی خەلّکـی گـوندی هەجیج، نەگوّراوە و هەروا بەچاکی و پەسەندی باوەو ماوە.

خەلّکی گوندی هەجیج موسولّمانن و بنەرەتی باوەری تایبەتی ئەوان، کەگوندەکەی ئەوانی کردوّتە بەهەشتی روی گوێزەوی، لەفێرکردن و بارهێنانێکەوە، سـەر چـاوەی گرتووە، کە بە سەدان سالّ بەرلە مروّ، لەمگوندەدا بـاو بـووەو پشت بـە پشت تـا ئـەم

Dr.Saleh Ebrahimi



سه‌رده‌مه باوه و پاریزراوه و راگیردراوه، خه‌ڵکی گوندی هه‌جیج له سه‌ته‌ی ماشیناوی خولی ئیمه‌یشدا خوو ئاکاری باش و به رزوته‌رزی مروڤانی خویان، پاراستووه، گوندی هه‌جیج له به‌ر ئه‌وه‌ی ته‌ق ته‌قان و زه‌رده‌ڵان و به‌رده‌ڵاته، بوکیگه ناشی، جا ئه‌وه‌یه هه‌ندی له بنه ماڵه‌ی هه‌جیج، خه‌ریکی بزن و مه‌رو ماڵات دارین. زوربه‌ی خه‌ڵکه‌که، پیی بژیوی ژیانی خویان له‌م لاو له‌ولای شوینگه‌لی دیکه‌ی کوردستان دابین ده‌که‌ن، **هه‌جیج بوچوا ماوه:** هه‌جیج بو وا ماوه‌و بوچ وان و نه‌گورِ دراون؟ ده‌ڵین: له به‌ر مدفه‌رِکی و پیروزی کوسه‌ی هه‌جیجه که مروێی پاك و چاك بووه و له کورده‌واریدا سویندی پیی ده‌خون و ده‌ڵین: به کوسه‌ی هه‌جیج نه‌مبرده ناوت. ده‌ڵین: هه‌جیج به واتای شیوه‌ڵ و دوڵی قووڵ و دور و دریژه (بروانه گوڤاری گرشه‌ی کوردستان ژماره‌ی ۲ و ۳ خاکه‌لیوه و بانه‌مه‌ری ۱۳٦۰ هه‌تاوی و ۱۹۸۱ زو ۲۵۹۳ کوردی، که ژماره‌ی یه‌که‌می له ۱۹۸۱/۳/۱ ز - به نوسه‌ری‌و سه‌رده‌بیری د - محه‌مه‌د صالح ئیبراهیمی (شه‌پول) به وینه‌ی مانگانه به زمانی شیرینی کوردی تا ۹ ژماره‌ی له تاران لی چاپ کراوه‌و بڵاو کراوه‌ته‌وه.



ئیره گوندی هه‌جیجه، مه‌دینه‌ی فازیله گچکه یه‌ك واله‌نا وچرِو به‌رده‌ڵانی کوردستانایه.